# پرۆژەی تـوێـژیـنـەوەی جـیـهـانـی

## دەزگای ئایدیا بۆ فکرو لێکۆڵینەوە

---

خاوەنی ئیمتیاز
دەزگای ئایدیا

لێپرسراوی دەزگا
ئەنوەر حسێن

سەرپەرشتیاری پرۆژە
ئەرسەلان حەسەن

2016

خاوەنی ئیمتیاز: دەزگای ئایدیا
لێپرسراوی دەزگا: ئەنوەر حسێن

www.ideafoundation.co
info@ideafoundation.co
idea@ideafoundation.co
www.facebook.com/dezgai.idea
053 330 0391 - 0770 195 5044

**ناوی کتێب: خەبات لە پێناو فرەییدا دوای شۆڕشەکانی باکوری ئەفریقیا**
**بابەت: توێژینەوەی سیاسی**
**ناوی نووسەر: ئەنتۆنی دۆرکن**
**وەرگێڕانی: سۆران عەلی**
**تایپ: نیا جەمال - نیاز کەمال - کەیوان عومەر**
**دیزاین: ئومێد محەمەد**
**چاپ: چاپخانەی دلێر**
**تیراژ: 1000دانە**
**ساڵی چاپ: 2016**
**نرخ: 3000 دینار**
**شوێنی چاپ: سلێمانی - کوردستان**
**نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم**

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارەی سپاردن (1040)ی ساڵی 2016 ی پێدراوە

لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ئایدیا
زنجیرە (107)

# خەبات لە پێناو فرەییدا
# دوای شۆڕشەکانی باکوری ئەفریقیا

ئەنتۆنی دۆرکن
وەرگێڕانی: سۆران عەلی

# پێڕست

پێشەکی.......................................................................................9
میسر: هەرەسهێنانی سیاسەت و مەرگی چاکسازی.............................14
تونس: جەمسەرگیری و سێبەری توندوتیژی......................................28
لیبیا: لە نێوان پارچە پارچەبوون و نوێبوونەوەدا.................................40
کۆتایی پەیوەندی نێوان فرەیی و سەقامگیری و چاکسازی.................49

## پرۆژەی
## توێژینەوە جیهانییەکان بۆچی؟

توێژینەوە جیهانییەکان، زنجیرەیەك نامیلکەی تایبەتە بە رووداو، ئاڵوگۆڕ، کێشە، قەیران، پەرەسەندنە سیاسی و ئابوورییەکانی جیهان، کە ناوەندە سیاسی و ئابوورییە زەبەلاحەکانی بەخۆیەوە سەرقاڵکردووە و بەردەوام لێکۆڵینەوەی ورد و زانستی و ئاکادیمییان لەسەر دەکرێت، بە مەبەستی باشتر درککردن بە رەوشی قەیرانەکان و دۆزینەوەی رێگاچارەی گونجاو بۆ چارەسەر، یان زاڵبوون بەسەریاندا.

رووداوە سیاسییەکان و ئاڵوگۆڕە ئابوورییەکان، پۆزەتیڤ یان نێگەتیڤ لە هەر کوچەو سوچێکی ئەم جیهانەدا، کاریگەرییان لەسەر کۆی سیستمە سیاسییە لۆکاڵ، یان گلۆباڵەکان دروستکردووە. جا هەندێك لەوانە سروشتی یان خۆرسکن هەندێکیشیان بەهۆی دەخالەتی وڵاتانی زلهێزی سیاسی و ئابووری و سەربازییەوە روودەدەن (لە بابەتی پیلانگێڕی و کودەتای سەربازی و دەخالەتی ئابووری و سەرمایەداری) یان بە ئارمان و ئامانجی سیاسی جۆراوجۆر.

لە ماوەی سەد ساڵی رابــردوودا، لەسەر گۆی زەوی گەواهی ئاڵوگۆڕی چاوەڕوانکراو، یان چاوەڕواننەکراو بووبن، کە هەندێکیان خزمەتی مرۆڤایەتییان کردووە و هەندێکیشیان بوونەتە هۆی شەڕو کوشتاری بێ ئامان و ماڵوێرانکەر، کە بە ملیۆنان مرۆڤ گیانیان لەدەستداوە.

جیهان لەسەر دەستی زلهێزەکان و کارتێلە گەورەکانی بواری سەرمایە، وزە، نـەوت، سەربازی و هەژمونی وڵاتانی خۆرئاوای سەرمایەداری، ئەوانە و هەژاری و نەداری و سیستمی تۆتالیتار و میلیتاریستی وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست لە ئاسیا و ئەفەریقا و وڵاتانی خۆرهەڵاتی ئەوروپای کۆن و بەشێك لە وڵاتانی ئەمەریکای لاتین، پڕە لە جینایەت و کردەوەی دڕندانەی سەرکوت و داپڵۆسین و لەسێدارەدان و کودەتای سەربازی و برسیکردن و هەژارتربوونی هەژارەکان و سیستمی زاڵی دیکتاتۆرییەت و ژیانی مەمرەو مەژی.

پاشماوەکانی جەنگی ساردی نێوان بلۆکی سەرمایەداری و سۆسیالیستی هێشتا ئاسەواری بەسەر جیهاندا ماوەو تادێت وڵاتانی جیهان زۆرترو زیاتر خۆیان پڕ چەك دەکەن و لەهەوڵی بەدەستهێنانی چەکی ناوەکی و ئەتۆمی زیاتردان و کۆمپانیاکانی چەك فرۆشتن رۆژانــە مۆدێلی نوێ و تازەتری چەك و فرۆکە و کەشتیگەلی مەترسیدارو گرانبەها دەخەنە بازاڕی ململانێکانەوە.

لەسەر ئاستی جیهان فایلی گەرم و گوڕو پڕ کێشە و قەیران بەردەوام روودەدەن و دووبارە دەبنەوە، لە بابەتی شەڕی نیمچە کیشوەری هندستان و پاکستان، کێشە و ململانێی نێوان سریلانکا و پڵنگەکانی تامیل، کێشەو هەژاری لە بەنگلادیش، شەڕی گروپە ئیسلامییە رادیکاڵەکانی ئەفغانستان، کشمیری پڕ لە پشێویی، هەروەها قەیرانەکانی نێوان هندو پاکستان و چین درێژەی هەیە.

لە ئاسیا، ئەفەریقا شەڕو کوشتاری هێزە شیعی و سوننیەکان لە عێراق، یەمەن، سوریا، ئەفغانستان و لوبنان تادێت ژمارەی کوژراو قوربانییەکان روو لە زیادبوون دەکات. لەسەر دەستی گروپە ئیسلامییە

رادیکاڵ و فەندەمێنتاڵەکان، کە لەلایەن عەرەبستانی سعودیە، قەتەر، تورکیا و کۆماری ئیسلامی ئێران هاوکاری و باربوو دەکرێن و بەرییانداوەتە گیانی یەکترو هەر ئەم گروپە ئیسلامییانەن بوونەتە مایەی شەڕو کوشتار و جەنگێکی ماڵوێرانکەر لە عێراق، ئەفغانستان و سۆماڵ و فەلەستین و مالی نەیجیریا و تادەگاتە رادەی ئاستی مەترسی تیرۆر و کوشتار لە پاریس، واشنتۆن، رۆما، لەندەن و مەدرید.

هێشتا فرۆکەکانی وڵاتانی زلهێزو ژێردەریایی و کەشتیگەل و بنکە سەربازییەکانیان لەمسەر بۆ ئەوسەری جیهان دەفڕن و لەئاوە نێودەوڵەتییەکان دەسوڕێنەوە باشتر دادەمەزرێن و هەڕەشەی زۆرترو زیاتر لە جیهان دەکەن و بەردەوام دوکەڵی بۆمبەکانیان بەسەر ئاسمانی وڵاتانی هەژارو بێ دیفاعی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست رەش دەچێتەوە.

ئەم زنجیرە نامیلکەیە، ئاشناکردنی خوێنەری کوردە بەو روداوانەی کە بیەوێت یان نەیەوێت، کاریگەری لەسەر رەوشی سیاسی کوردستان جێدەهێڵن.

دەزگای ئایدیا ئەم هەنگاوەی لەو پێناوەدایە کە خوێنەری کورد ئاشنا بکات بەو ئاڵوگۆڕە باش و خراپانە و روانگە و تێڕوانینی فراوانتر بکات، کە جیهان بە تەنها بریتی نییە لە روداوگەلێکی لۆکاڵ کە لەناوخۆمان یان لە دەوروبەرمان دەگوزەرێت. بەڵکو رووداوەکان فۆڕمی گلۆباڵیان وەرگرتووەو کاریگەرییان لەسەر هەموو جیهان داناوەو سیستەمی گلۆبالیزەیشنیش هێندەی تر ململانێکانی ئاڵۆزترو توندتر کردووە.

بەو ئومێدەی ئەم زنجیرە نامیلکەیەی دەزگا ئایدیا هەوڵێك بێت بۆ دانانی کاریگەری باشتر و تێگەیشتن لەو روداوانەی لە جیهاندا دەگوزەرێن.

**پرۆژەی توێژینەوەی جیهانی**
**دەزگای ئایدیا بۆ فکرو لێکۆڵینەوە**

## پێشەکی

## دانوستان لە بارەی ڕێسا سەرەکییەکانی دیموکراسی لە باکوری ئەفریقیا

وا دیارە وەرچەرخانە سیاسیەکان لە باکوری ئەفریقیا تەگەرەیان هاتۆتە رێ. هەڵبژاردنی ئازادانە لە میسر و تونس و لیبیا رێکخران، لە هەر یەکێك لەو وڵاتانەشدا حکومەتی مەدەنی بە شەرعیەتی دەسەڵاتپێدانی دیموکراسی، دەسەڵاتیان گرتەدەست. میسر لە قۆناغی دوای شۆڕشدا دەستوورێکی نوێی پەسەند کرد، دەبێت پرۆسەی دەستووریش لە هەریەك لە تونس و لیبیادا لە ماوەی ئەمساڵدا تەواو بکرێت. بەڵام ئێستا وادیارە ئەم قۆناغە پێشوەختانەی سیاسەتە دیموکراتییەکان، چەندە خەسڵەتەکانی دەردەخەن، ئەوەندەش مەترسییەکانی رکابەری سیاسی پیشاندەدەن. شۆڕشەکان ئەو ئومێدەیان پەخشکرد، کە ئەم دەوڵەتانە دەتوانن سیستمی سیاسی ئەوتۆ بنیاتبنێن، کە یەکێتی نیشتمانی پتەو بکات لەڕێی بەشداری سەرجەم هاوڵاتیانیانەوە. بەڵام ئەو پێشهاتانەی لەم چەند مانگەی دواییدا لەو سێ دەوڵەتدا روویاندا، بەدەستهێنانی ئەو ئومێد و خواستە دووردەخەنەوە. رەنگە پرسیارە زۆر هەنوکەییەکە لە دوای تێپەڕبوونی دوو ساڵ بەسەر ئەم شۆڕشانەدا ئەوە بێت، ئاخۆ شێوازی نوێ لە هەژموونی زۆرینە یاخود دابەشبوونی کۆمەڵایەتی رەگ دادەکوتن، کە ببنە رێگر لە بەردەم پەرەسەندنی ئەو چارەسەرە سیاسیانەی پشتیوانییەکی کۆدەنگی لەسەرکراویان هەیە.

گرژییەکە لە نێوان بەهاکانی فرەیی و هەڕەشەی دوورخستنەوەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و رێگای جیاوازدایە لە ناوەندی ئەو داینامیتییە سیاسییەی لەو سێ دەوڵەتە راگوزەرەدا لە ئارادایە. میسر بە قۆناغی قەیراندا تێپەڕی، کە مۆرکەکەی بریتی بوو لە هەرەسهێنانی پەیوەندییە سیاسییەکانی نێوان ئیخوان موسلیمین و گرووپە عەلمانییەکان یاخود «مەدەنییەکان»ی ئۆپۆزسیۆن و زیادبوونی باری نائارامی لە وڵاتدا.

لە تونس، کردەوەی تیرۆرکردنی یەکێك لە سیاسیە چەپڕەوە دیارەکان زیادبوونی مەترسیداری توندوتیژی سیاسی گەیاندە لوتکە کە هاوکات بوو لەگەڵ جەمسەرگیرییەکی سیاسی ئاشکرادا. حکومەتی لیبیاش لە تێکۆشاندایە بۆ چەسپاندنی متمانەی خۆی لەڕێی ڕووبەڕوبوونەوەی بارێکی گشتی لە تێکچوونی ئەمنی و رکابەری هەرێمایەتی و ناوخۆیی. جەماوەرێکی زۆر لەو سێ وڵاتەدا پرسیاری ئەوە دەکەن، ئاخۆ ئومێدی شۆڕشگێڕان لە بیناتناتی سیستمی سیاسی گشتگیر بۆ هەمووان و بەرپرسیار، لەجێی خۆیدایە یان نا؟. هەروەها خەڵك لە دەرەوەی ئەو سێ وڵاتە لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و ناوچەکانی دیکەی جیهاندا، لە نزیکەوە چاودێری پێشهاتەکانی ئەم سێ دەوڵەتە دەکەن، چونکە ئەوەی لە مەترسیدایە بایەخدارە و ئاماژەیەکیشە بۆ ئەگەرەکانی هاتنەئارای چاکسازی سیاسی لە جیهانی عەرەبیدا، بەشێوەیەکی گشتی.

بێگومان هێشتا زۆر زووە لە پرۆسەی گواستنەوەدا بگەینە ئەنجامی دوورمەودا سەبارەت بە رێڕەوی سیاسەتە دیموکراتییەکان لەم دەوڵەتانەدا. ساویلکەییشە – هەروەها ناواقیعیە بۆ ئەزموونی پرۆسەی دیموکراتی لە هەر شوێنێکبێت – پێشبینی ئەوەبکرێت لەماوەی دوو ساڵ لەدوای رووخاندنی ئەو رژێمە زۆردارانـەی بە درێژایی چەند دەیەیەك دەستییان بەسەر دەسەڵاتدا گرتبوو، چەند دیموکراسیەتێکی فرەیی راستەقینە و کامڵ دروست بن. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەو بارودۆخە سیاسیەی ئێستا لەم دەوڵەتانەدا لە ئارادایە، گرنگە، ئەویش لەبەر ئەوەی ئەمە ئەو قۆناغەیە کە بنەماکانی یارییەکەی بۆ سیستمە نوێیەکان تێدا دادەمەزرێت، لەڕێی ئەو پەیکەرە رەسمیانەی لە دەستوورەکاندا دانـراون، هەروەها لەڕێی جۆرێکی پێشکەوتوو لە پەیڕەوی سیاسییەوە. سیستمە سیاسییەکان لەم دەوڵەتانەدا بەردەوام دەبن لە گەشەکردن، بەڵام بەهۆی ئەو چوارچێوانەوە پێکدێن کە ئێستا بنیاتدەنرێن و لەماوەی ساڵی داهاتوو تەواو دەبن.

دانیشتووانی میسر و تونس و لیبیا لە پێکهاتەیەکی فراوان و هەمەجۆر لە باوەڕ و بەها و ئینتیما پێکهاتوون. ئەو دیموکراسیەش کە ئەم جیاوازیانە لە خۆدەگرێت و بەشێك لە گەشەپێدان و پێشکەوتنی وڵاتەکە دەبەخشێتە هەموو گرووپەکان، خۆی لە خۆیدا تەنیا خوازراو نییە، بگرە پێدەچێت باشترین هیوای سەقامگیری و گەشەسەندنیشیان بۆ دابین بکات. توێژینەوە ئابوورییەکانی ئەم دواییە ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە دەکرێت گەشەسەندنی بەردەوام ڕێچکەی خۆی بگرێت لەو دەوڵەتانەی سوود لەو دامەزراوە سیاسیانە وەردەگرن کە هەموولایەنەکان لەخۆدەگرن. فرەیی سیاسیش لە ناو دڵی جۆری دیموکراسی لیبراڵ یاخود «قووڵ»دایە، کە یەکێتیی ئەوروپا پابەندی بووە بە مەبەستی هەوڵدان بۆ پشتیوانیکردنی دەوڵەتانی باشوری دەریای ناوەڕاست، بەوپێیەی بە بەشێك لە بەدەنگەوەچوونی یەکێتییەکە وەسف دەکرێت بۆ ڕاپەڕینەکانی ئەم دواییە، بۆیە هەڵسەنگاندنی بۆچوونەکانی ئێستا بە کارێکی پێویست دادەنرێت بۆ یەکێتیی ئەوروپا لەگەڵ بەردەوامبوونی لە پاکسازیکردن لە سیاسەتەکانی بەرامبەر ناوچەکە.

ئامانجی ئەم پەیپەرە ئاماری ڕەوشی سیاسی ئێستایە لەو سێ دەوڵەتە ڕاگـوزەرەی باکوری ئەفریقیا و هەڵسەنگاندنی ئاسۆکانی فرەیی سیاسییە لە هەر یەکێك لە دۆخەکان و پێشنیارکردنی ئەولەویەتە بۆ ئەو گرووپ و ڕێکخراوە دەرەکییانەی خوازیاری پشتیوانیکردنی بەرەوپێشچوونی فرەیی سیاسین تێیاندا. پەیپەرەکە پرسیار سەبارەت بەوە دەخاتە ڕوو، کە ئاخۆ وەرچەرخانەکان لە ڕێچکەی خۆیان لایانداوە، هەروەها تایبەتە بەو فاکتەرانەی پێدەچێت لە چەند مانگی داهاتوودا کاریگەرییان لەسەر دابنێن. پرسیارێکی تەوەری هەیە بۆ هەموو ئەوانەی پەیوەندیدارن بە سیاسەتەکان لە باکوری ئەفریقیا و ئەوانەش کە ئومێدیان بە پشتیوانی دەرەکییە بۆ بەرەوپێشچوونی

دیموکراسی، ئەویش ئەوەیە ئاخۆ پێدەچێت ئاڵۆزییەکان لەو دەوڵەتانەدا لەڕێی پرۆسەی سیاسەتە دیموکراتیەکانەوە نەمێنن یان ئاخۆ گەشەسەندنی دیموکراسیەکی مانادار، خۆی لەخۆیدا، لە مەترسیدایە. ئەم پەیپەرە هەوڵ دەدات رۆشنایی بخاتە سەر ئەم پرسیارە، بە وردبوونەوە لە میسر و تونس و لیبیا یەك بە دوای یەکدا. سەرەڕای جیاوازییەکانی نێوان ئەم سێ دەوڵەتەش، رەنگە بەراوردکردن لە نێوان ئەزموونەکانیاندا یارمەتیدەر بێت بۆ ئاشکراکردنی بۆچوونە سەرەکییە شاراوەکان.

## دیموکراسی بێ کۆدەنگی؟

گەشەپێدانی شێوازێك لە شێوازەکانی سیاسەت دەتوانێت بەها و ئایدیۆلۆجیا جیاوازەکان لە چواچێوەیەکی گەورەتردا لەخۆی بگرێت، کە پشتیوانییەکی کۆندەنگی لەسەرکراوی هەبێت، ئەمەش ئەو ئاستەنگە سیاسییە تەوەرییەیە کە رووبەڕووی ئەو دەوڵەتانە دەبێتەوە کە لە باکوری ئەفریقیا بە قۆناغی گواستنەوەدا تێپەڕدەبن. میسر و تونس و لیبیا لە ژێر خۆڵەمێشی چەند دەیەیەك لە حوکمی شمولی و زۆرداریەوە ژیانەوە، کە تێیدا کێبڕکێی سیاسی یان بەتوندی قەدەغە کرابوو یاخود هەر نەناسرابوو. کەلتوری دانوستان یان چارەسەر یان ئۆپۆزسیۆنی سیاسی بەرپرسیار، کە ئەم دەوڵەتانە دەتوانن سوودی لێوەربگرن، سنووردار بوو. بەگوێرەی وەسفی یەکێك لە چاودێرە سیاسییە شارەزاکان، کۆمەڵگە عەرەبییەکان بەشێوەیەکی ئاسایی، دامەزراوەکانی دەوڵەتیان وا بینیوە کە بیرۆکرات و دەزگای جێبەجێکارن، نەك ناوەندێك بن بتوانرێت تێیدا بگەنە چارەسەر بۆ بەرژەوەندییە دژ بەیەکەکان.

لەو سێ دەوڵەتەدا گرووپی لیبراڵ هەن باوەڕیان بەوە هەیە پێویستە دەوڵـەت بوارێکی فراوانتر بۆ تاکەکان بڕەخسێنێت تا بەپێی بەها تایبەتیەکانی خۆیان تێیدا بژین، بەڵام ئەم گرووپانە

پشتگیرییەکی جەماوەریی تەواو ناکرێن لەم قۆناغەدا تا لە کێبڕکێی سیاسیدا سەرکەوتووبن، بەڵکو کۆمەڵێك لەو گرووپانە، هەندێکجار، هەڵوێستی گرفتئامێزیان بۆ سیاسەتە دیموکراتییەکان دروستکردووە، کاتێك لاوازییان ئاشکرابووە. بەلایەنی کەمەوە لە میسر و تونسدا، سەرکەوتووانی یەکەمی هەڵبژاردنە گشتییەکان ئەو گرووپە ئیسلامیانە بوون کە ئایدیۆلۆجیا ئاشکراکانیان و بۆچوونە سیاسییە دوورخەرەوەکانیان، مەترسی ئەوەیان وروژاند کە کار بۆ ئەوە دەکەن بەهاکانیان بەسەر ئەو دەوڵەتانەدا بسەپێنن کە حوکمیان دەکەن.

ئەو شۆڕشانەی ساڵی 2011 بەرپابوون، کۆمەڵگەکانیان لە هەستێکی زۆری پشتیوانی بۆ بیرۆکەی حکومەتی دیموکراتیدا بەجێهێشت، بەڵام بەبێ ئەوەی بگەنە سازانێك سەبارەت بە چۆنێتی بەدامەزراوەییکردنی دیموکراسی. هەر خێراش روونبووەوە کە ناکۆکی لەو سێ دەوڵەتە راگوزەرەدا هەیە سەبارەت بە بابەتی سەرەکی: وەك سروشتی رەوایەتی سیاسی و رۆڵی شیاوی دەوڵەت. بە پشتبەستن بەوەش، پرسیارە سەرەکییەکە لە رابردوو (ئێستاش)دا بریتییە لە: مەرجی کێ دەسەپێندرێت بۆ دانانی بنەما سەرەکییەکان؟ دواجاریش روونبووەوە کە مەسەلەکە زۆر پەیوەندی بە مشتومڕە ئایدیۆلۆجییەکانەوە نییە، بەڵکو پەیوەندی بە هاوسەنگی هێزەوە هەیە. لەپاش رۆیشتنی لەناکاوی رژێمە کۆنەکان، پێویستبوو هەڵبژاردن بکرێت بۆ دەستنیشانکردنی حکومەتی نوێ و هەڵبژاردنی کەسانێك بۆ دانانی دەستووری نوێ. کێبڕکێی سیاسیش دەستیپێکرد بەبێ ئەوەی رێککەوتن لەسەر پێودانگەکانی حوکمی دیموکراتی بکرێت، ئەنجامی هەڵبژاردنەکانیش رۆڵێکی میحوەری گێڕا لە دیاریکردنی ئەو شێوازەی ئەو پێودانگانەی پێ بەرەوپێشچووە. بەڵام شێوازەکانی دیکەی دەسەڵاتیش لەو سێ دەوڵەتەدا بەشێکن لە هاوکێشەکە، واتە هێزە چەکدارەکان (بەتایبەتی لە لیبیا) و دەزگاکانی دەوڵەت وەك

سوپا، دەزگا ئەمنییەکان، کۆمەڵی مەدەنی و ناڕەزایی جەماوەری، بەواتایەکی تر «شەقام».

پرسیاری چارەنوسساز و یەکلاکەرەوە بۆ ئەم کۆمەڵگایانە ئەوەیە ئاخۆ کوتلە نیگەرانەکەی هێزە سیاسییەکان دەتوانێت لەپشت رەگەزە سەرەکییەکانی فرەیی دیموکراتییەوە کۆببێتەوە، لەوانەش: قبوڵکردنی دەستاودەست کردنی دەســەڵات، جیاکردنەوەی دامەزراوەکانی دەوڵەت لە پارتە سیاسییەکان، و توانای هەموو ئەو گرووپانەی بنەما دیموکراتییەکانیان قبوڵە بۆ بەشداریکردن لە ژیانی سیاسیدا بەمەرجی دادپەروەرانە، بنیاتنانی سیستمێکی سیاسی کە رێز لە فرەیی بیروباوەڕ و ئینتیمای جیاواز لە کۆمەڵگەدا بگرێت. هۆکاری پراگماتی بەهێز هەن بۆ گرووپە سیاسییە جیاوازەکان تا ئەم بنەمایانە قبوڵ بکەن، بەوپێیەی باشترین بنەمای گونجانی کۆمەڵگە و سەقامگیربوونن. بەڵام دینامیکی کێبڕکێی هەڵبژاردن – لە هەندێك باردا – گەیشتن بە چارەسەر و بنیاتنانی کۆدەنگی، ئاڵۆز کـردووە، کاتێك پارتەکان هەوڵی گەورەکردنی پشتیوانییەکانیان و توندکردنی چەپۆکیان بەسەر دەسەڵاتدا دەدەن، لەکاتێکدا خۆیان لە هەڕەشەی ئاوڕلێدانەوەیان لەلایەن گرووپە رکابەرەکانەوە بەدوور دەگرن. پێویستیشە لایەنە دەرەکییە کاریگەرەکانی وەك یەکێتیی ئەوروپا کە خوازیارە پشتیوانی بۆ بەرەوپێشچوونی فرەیی سیاسی دابین بکات، لە خاڵی تێگەیشتن لەم خواستە ململانێکارانەوە دەستپێبکات و حسابی ئەوەش بکات کە تا چەند دەتوانێت بەشداری بکات لە بەهێزکردنی هاندەرەکانی فرەییدا.

## میسر: هەرەسهێنانی سیاسەت و مەرگی چاکسازی

میسر لەنێو دەوڵەتە راگوزەرەکانی باکوری ئەفریقیادا دیاربوو، بە لەبەرچاوگرتنی ئەو هەڵوێستە سیاسییە باڵادەستەی گرووپی ئیخوان موسلیمین و باڵە سیاسییەکەی کە پارتی ئازادی و دادپەروەرییە، بەدەستیهێنا.

چونکە محەمەد مورسی کاندیدی ئیخوان لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیدا کە ساڵی 2012 بەڕێوەچوو، بە جیاوازییەکی سادە سەرکەوت، بەڵام بە متمانەیەکی پێشبینی نەکراوەوە بەرەو پتەوکردنی دەسەڵاتی هەنگاوی نا. بۆیە بە پەراوێزخستنی گەورە فەرماندەکانی سوپا و گەیشتن بە رێککەوتن لەگەڵ نەوەی نوێی فەرماندە سەربازییەکان بە سەرۆکایەتی فەریقی یەکەم عەبدولفەتاح سیسی، مورسی توانی «قورسایی هاوتا»ی ئیخوان موسلیمین لە ژیانی سیاسیدا لاببات. پێشتریش، پارتی ئازادی و دادپەروەری و هەروەها پارتی نوری سەلەفی باڵا دەستییان بەسەر کورسییەکانی پەرلەماندا بەدەستهێنا لەو هەڵبژاردنەی لەنێوان ساڵانی 2011 و 2012دا بەڕێوەچوو. هەرچەندە ئەنجومەنی گەل بەبڕیارێکی دادگای دەستووری لە یۆنیۆی 2012دا هەڵوەشێندرایەوە، بەڵام بەکرداری کۆمەڵەیەکی دامەزراندن بۆ دانانی دەستوورێکی نوێ بۆ میسر لەسەر شێوازی ئەو ئەنجومەنە دامەزرابوو، بەم پێیەش کەوتبووە ژێر کۆنترۆڵی ئیسلامییەکانەوە. پاش رەزامەندی دەربڕین لەسەر دەستووری نوێ لە ریفراندۆمێکی گشتیدا لە دیسەمبەری 2012، ئەنجومەنی شورا دەسەڵاتی یاسادانی لە وڵاتەکەدا گرتە دەست تا ئەو کاتەی هەڵبژاردنێکی نوێی پەرلەمان ئەنجام دەدرێت، ئەویش ئەو ئەنجومەنە بوو کە پارتی ئازادی و دادپەروەری و پارتە ئیسلامییەکانی دیکە زۆرینەی کورسیەکانیان بەدەستهێنا.

بزوتنەوەی ئیخوان موسلیمین بەشێوازێك کۆنترۆڵی دامـەزراوە سیاسییەکانی میسری کرد کە نارەزاییەکی بەرفراوانی لێکەوتەوە. پرۆسەی دانانی رەشنوسی دەستووریش کە خاڵی جێ مشتومڕ و ناکۆکی بوو، زۆر بە روونی بیرورِا دژبەیەکەکانی نێوان ئیسلامییەکان و گرووپە لیبراڵەکانی ئۆپۆزسیۆندا ئاشکرا کرد. لیبراڵەکان، بەپێی قسەی زیاد بەهادین ئەندامی ئەنجومەنی گەل لە پارتی میسری دیموکراتی کۆمەڵایەتی، ئومێدیان دەکرد پرۆسە دەستوورییەکە دەرفەتێك برەخسێنێت بۆ گەشەپێدانی «شێوازی هاوکاری نێوان زۆرینە و کەمینە» کە بە کۆدەنگی بەڵگەنامەیەکی

ڕێککەوتن لەسەرکراوی لێبێتە بەرهەم. بەڵام ئیخوان موسلیمین «دیاربوو بە کرداری شڵەژابوو سەبارەت بە مەسەلەی پێکهێنانی کۆمەڵەی دامەزراندن بەشێوازێکی جیاواز لەو شێوازەی دەرهاویشتەی هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکە بووە». چەند ژنێك و ژمارەیەك مەسیحی قیبتی لە کۆمەڵەکەدا دانران، لە کاتێکدا لیبراڵەکان هیچ هێزێکیان نەبوو بۆ ڕێگرتن لەو ڕێوشوێنانەی قبوڵیان نەدەکردن، جگە لە هەڕەشەی کشانەوە.

دوا هەفتەکانی ساڵی 2012 قەیرانێکی سیاسی روو لەهەڵکشانی بەخۆوە بینی، لە کاتێکدا محەمەد مورسی سەرەتا دەسەڵاتی رەهای بەخۆی دا تا ڕێگە نەدات دادگا کۆمەڵەی دامەزراندن هەڵبوەشێنێتەوە ]لەڕێی دەرکردنی راگەیاندنێکی دەستووری تەواوکارییەوە[، پاشان ئامادەکاری کرد بۆ رەشنوسێکی دەستوور تا پەلە بکات لە تەواوکردنی، ئەویش لە هەوڵێکی ئاشکرادا بۆئەوەی پێش ئەو ساتە بکەوێت کە تێیدا دەسەڵاتە زیادە جێ مشتومڕەکانی لێدەسەندرێتەوە. دەستبەسەرداگرتنی دەسەڵات لەلایەن مورسی و سوربوونی ئیخوان موسلیمین لەسەر کۆتاییهێنان بە مشتومڕ لەسەر رەشنوسی دەستوور، ئەو پوشە بوو کە پشتی حوشترەکەی شکاندن و بووە هۆی ئەوەی نزیکەی هەموو ئەو ئەندامانەی سەر بەڕەوتی ئیسلامی نەبوون لە کۆمەڵەی دامەزراندن بکشێنەوە. پێکهاتەیەکی بێ نوێنەرایەتی کۆمەڵەی دامەزارندن کە تەنیا چوار ژنی لەخۆگرتبوو و یەك مەسیحیشی تێدا نەبوو، مۆڵەتی بە دەستووری دوای شۆڕشی میسردا. لە سەرەتاکانی ساڵی 2013یشدا مورسی رایگەیاند هەڵبژاردنی پەرلەمان لە سەرەتای مانگی ئەپرێلەوە بەڕێوەدەچێت بەپێی یاسای هەموارکراوی هەڵبژاردن کە ئەنجومەنی شورا پەسەندی کردووە. هەرچۆنێکبێت، وادەی هەڵبژاردنی نوێ بەجێی گومان مایەوە لەدوای بڕیارێکی دادگای ئیداری کە داوای دەکرد بەرلەوەی پرۆسەی دەنگدان بەڕێوەبچێت، پێداچوونەوەیەکی دادوەری دیکە بۆ یاسای هەڵبژاردن بکرێت.

## بیروڕای جیاواز لەبارەی دیموکراسی

شێوازی مامەڵەکردنی مورسی لەگەڵ پرۆسەی دەستووری و تۆماری ئەنجومەنی گەل بەر لە هەڵوەشاندنەوەی، ئەوەی ئاشکرا کرد کە ئیخوان موسلیمین باوەڕی بە تێگەیشتنێکە لەسەر بنەمای زۆرینە بنیاتنراوە یاخود تێگەیشتنێکی «دەسەڵاتپێدانە» بۆ دیموکراسی، چونکە براوەی هەڵبژاردن، چ تاك بێت یان بزوتنەوەیەك، بەبێ هیچ پابەندبوونێك بە راوێژکردنەوە لەگەڵ گرووپەکانی دیکەدا، پەنا بۆ بڕیاردان سەبارەت بە باشترین کار بۆ دەوڵەت دەبات. رووداوەکانی نۆڤەمبەری 2012یش (ئەو راگەیاندنە دەستوورییەی مورسی دەریکرد لەگەڵ تەواوکردنی دەستوور) خاڵێکی وەرچەرخان بوو بۆ زۆرێك لە میسرییە لیبراڵەکان، ئەوەشی سەلماند کە مورسی هیچ رێزێك لە چەمکی رێسا و هاوسەنگییە دیموکراتییەکان checks and balances ناگرێت و توانای تێگەیشتنی نییە لە ترسی رکابەرەکانی و خواست و شارەزایی ئەوەشی نییە هیچ پشتیوانییەك لە دەرەوەی کوتلەی ئیسلامی، بەدەستبهێنێت.

لەلایەکی تریشەوە، هەرگیز ئەوە روون نییە کە ئایا دەتوانرێت کۆدەنگی لەسەر دەستوور لەنێو هێزە سیاسییە جیاجیاکانی وڵاتدا بەدەست بهێنرێت. رەخساندنی ماوەیەکی زیاتریش بۆ راوێژکردن لەوبارەیەوە، وەك ئۆپۆزسیۆن داوای کردووە، رەنگە تەنیا ببووایەتە هۆی درێژکردنەوەی ماوەی چەقبەستوویی. سەرباری ئەوەش، ئەو دەستوورەی پەسەندکرا، مەترسییەکانی پشتڕاست نەکردەوە سەبارەت بە «بە ئیسلامیکردنی» گشتی دەوڵەت. وادیارە ئامانجی سەرەکی ئیخوان موسلیمین لە پرۆسەی دەستووری هێشتنەوەی پرۆسەی گواستنەوە بوو لە سەر رێچکەی خۆی لە پێناو خێراکردنی هەڵبژاردنی پەرلەماندا کە پێشبینی دەرکرا تێیدا سەربکەوێت. بیرمەندی لاوی بزووتنەوەی ئیخوان موسلیمین خالید حەمزە ئەم تێڕوانینەی ئاوا

دەربڕی و وتی «توێژی بەرفراوانی گەل دەیانەوێت بەردەوام بین»، نوخبەی عەلمانیش لە پێشێلکردنێکی بنەما رێککەوتن لەسەرکراوەکاندا دەیوست پرۆسەی سیاسی پەکبخات، چونکە خۆی لەنێو کەمینەدا دەبینییەوە.

دەستوور خۆی لە خۆیدا زۆر لەوەوە دوورە دۆکیۆمێنتێکی لیبراڵی بێت، هەروەها دۆکیۆمێنێکی موحافزکار و «باوکانە»یە هێندەی بەئاشکرا مۆرکێکی ئایینی هەڵگرتووە، چونکە مادەی دووی کە دەڵێت «بنەماکانی شەریعەتی ئیسلام سەرچاوەی سەرەکی یاسادانانە» وەك چۆن لە دەستووری 1971دا هاتبوو، بەبێ گۆڕانکاری وەك خۆی مایەوە، بەڵام دەستوورە نوێیەکە بەردەوام بوو لە وردکردنەوەی ئەم سەرچاوانەی یاساداناندا. ئاماژەی بۆ ئەوەش کردووە کە ئەو سەرچاوانە «بەڵگە گشتییەکان، بنەما ئوسوڵی و فیقهیەکان و سەرچاوە باوەڕپێکراوەکان لە مەزهەبەکانی ئەهلی سوننە و جەماعە» دەگرێتەوە. رۆڵێکی راوێژکارنەیشی بۆ دامەزراوەی ئەزهەر لە راڤەکردنیاندا دیاریکردووە، یان وەکو لە ماددەی چوارەمیدا هاتووە «رای دەستەی گەورە زانایانی ئەزهەری شەریف لە کاروبارەکانی پەیوەست بە شەریعەتی ئیسلامیدا وەردەگیرێت». وەکو یەکێك لە شیکرەوەکانیش دەڵێت «حوکمڕانە ئیسلامییەکانی میسر رۆڵیانداوە بە راوێژکارە ئیسلامییەکانیان لە وێناکردنی ئەو ئاڕاستەیەی کە پێویستە دەوڵەت لەسەری بڕوات بەبێ ئەوەی هیچ دەسەڵاتێکی سیاسی کردارییان پێ بدرێت». هەروەها دەستوور تەنیا ئـازادی بیروباوەڕ بۆ سێ ئایینە یەکتاپەرستییەکە زامن دەکات، ئەوەش مایەی مەترسییە بۆ هەڵوێست لەبەرامبەر کەمینە ئایینییەکانی دیکەی وەك بەهائییەکان. سەرەڕای سروشتی ناهاوسەنگی پرۆسەی داڕشتنی دەستووریش، باری ئایین لە دەستووردا خۆی لە چارەسەرێکی نێوان هەڵوێستی سەلەفییەکان و لیبراڵەکاندا دەبینێتەوە، ئەو چارەسەرەش پێدەچێت لە ناوەندی کێشکردنی گەلی

میسرەوە دوور نەبێت. کاریگەری دوورمەودای ڕۆڵی نوێی ئەزهەر بە سەرکردایەتییە نوێیەکەی دامەزراوەکە و هاوسەنگی سیاسی لە ئەنجومەنەکانی گەل، لە ئایندەدا دیاری دەکرێت کە ئەوانیش دوو مەسەلەن پێشبینیکردنیان لە ئێستا زەحمەتە.

دەستوور شوێنپێی دەستوورەکەی پێش خۆی هەڵدەگرێت کە ساڵی 1971 دەرچوو، لە دیاریکردنی ئەوەی دەوڵەت «گونجاندنی نێوان ئەرکەکانی ژن لەبەرامبەر خێزانەکەی و کارە گشتییەکەیدا لەئەستۆ دەگرێت» بەبێ ئەوەی پابەندبوونێکی هاوتای بەرامبەر بە پیاو هەبێت. دەستوور مافی ئەوەشی بە سوپا داوە کەسانی مەدەنی لەبەردەم دادگای سەربازیدا دادگایی بکات، لە بەرامبەر «ئەو تاوانانەی زیان بە هێزە چەکدارەکان دەگەیەنن». سەبارەت بە بنەما دیموکراتییەکانیش، ئـەوەی زۆر پاشەکشێی کــردووە، شێوازی چـارەسـەری حکومەتی خۆجێییە، چونکە دەستوور داوای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی خۆجێیی دەکات، بەڵام دەتوانرێت بڕیارەکانیان لەلایەن حکومەتی ناوەندییەوە هەڵبوەشێندرێنەوە، بڕگەکانی دەستووریش هیچ شێوازێك بۆ هەڵبژاردنی پارێزگارەکان یاخود سنوری دەسەڵاتەکانیان لەخۆناگرێت. بەگەڕانەوەش بۆ بۆچوونەکانی تۆکفیل (ئەلێکسی تۆکفیل (1805-1859) مێژوونوس و بیرمەندێکی فەرەنسییە)، ئەوا بانگەشەکارانی سیاسی جەختیان لە گرنگی حکومەتی خۆجێیی کردۆتەوە لە گەشەپێدانی کەلتوری دیموکراسی لە نێو هاوڵاتیاندا، بەڵام دەستووری میسر هیچی نەکردووە بۆ بەرجەستەبوونی نا ناوەندیبوونی حوکمی دیموکراتی.

## چەسپاندنی دەسەڵات لەبری بنیاتنان

وادیارە تێڕوانینی ئیخوان موسلیمین بۆ حوکمڕانی وەك ئەوەیە لە هەوڵی چەسپاندنی دەسەڵاتیاندا چڕ بکرێتەوە زیاتر لەوەی بەرەو گۆڕینی سروشتی دەوڵەت و ڕۆڵەکانی ببرێت. ڕەخنەگرانیش

پێیانوایە گرووپی ئیخوان موسلیمین هەوڵدەدات خۆی دابمەزرێنێت، بەو پێیەی وەك شـارەزای سیاسی چەپڕەو مستەفا سەید دەڵێت «پارتێکی هەژمووندار»ە، هەرچەندە هاوسۆزان وایدادەنێن کە عەبای هاوسەنگی بەخۆی داداوە، لەدوای چەند دەیەیەك لە دوورخستنەوە. لە هاوینی ساڵی 2012یشدا، ئەنجومەنی شورا کە ئیسلامییەکان تێیدا باڵادەستن، یەك نەوە سەرنوسەری نوێی لە کەناڵەکانی راگەیاندنی حکومیدا دامەزراند کە رۆژنامەنوسان وەك نەشیاو لە زۆرێکیان دەڕوانن و تۆمارێکیشیان هەیە لە ملکەچی بۆ دەوڵەت. مورسیش چەند ئەندامێکی ئیخوان موسلیمینی لە پۆستی پارێزگارەکاندا دانا، هەروەك –لەو گۆڕانکارییە حکومییەدا کە لە سەرەتای ساڵی 2013 ئەنجامدرا – دکتۆر محەمەد عەلی بشر-ی بە وەزیری گەشەپێدانی ناوخۆ دانا و دەسەڵاتی دایە کەسانی زیاتر دابمەزرێنێت. لە نۆڤەمبەری 2012یشدا، مورسی بڕیارێکی دەرکرد سەبارەت بە رێکخستنی سەندیکا کرێکاری و پیشەییەکان کە رێگەی دەدا بە خالید ئەزهەری وەزیری هێزی کار و کۆچ - کە ئەندامێکی دیکەی پارتی ئازادی دادپەروەرییە – بۆ دامەزراندنی ژمارەیەکی زۆر لە بەرپرسانی نوێ لە یەکێتیی گشتی سەندیکاکانی کرێکارانی میسردا کە دەوڵەت هاوکاری دارایی دەکات.

رەنگە ئەو مشتومڕەی لە میسر سەبارەت بەم هەنگاوانە هەبوو، بەشێوەیەکی لاوەکی، رەنگدانەوەی ئەو گومانە هاوبەشە بێت کە لەنێوان گرووپە ئیسلامی و عەلمانییەکاندا هەیە، هەروەها رەنگدانەوەی هەندێك لەو ناڕوونییە راستەقینەیە بێت کە لەوەدا هەیە تا چ ئاستێك دەتوانرێت بواری دامەزراندنە سیاسییەکان فراوان بکرێت، ئەمەش زەحمەتە بزانرێت تەنانەت لە وڵاتانی دیموکراتی خاوەن ئەزموونی دوورودرێژتریشدا. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەوە روونە کە هەوڵی ئیخوان موسلیمین بۆ دامەزراندنی ئەو بەرپرسانەی هاوسۆزن لەگەڵی یاخود ئەوانەی بارودۆخی لەبەرچاو دەگـرن لە شوێنی

هەستیاری دەوڵەتدا، لەسەر حسابی هەر هەوڵێك بوو بۆ چاكسازی لە دامەزراوە پەیوەندیدارەكاندا، ئەمەش كارێكە پێویستی بەئاستی بەرزی كۆدەنگی سیاسی هەیە بۆ بەردەوامبوونی.

هەروەها دامەزراندنەكانی پۆستە وەزارییەكان كە مورسی تەرخانی كردن بۆ ئەندامانی ئیخوان موسلیمین ئاماژەیەكیش لەسەر كاری لەپێشینەی گرووپەكە دەدات بەدەستەوە، چونكە لە حكومەتی یەكەمدا كە مورسی لەدوای سەركەوتنی لە هەڵبژاردنی سەرۆكایەتی دایمەزراند، بەرپرسانی سەر بە ئیخوان موسلیمینی لە سەرەوەی وەزارەتەكانی وەرزش و راگەیاندن و خوێندنی باڵا و هێزی كاردا دەستنیشان كرد. كاتێكیش لە یەنایەردا گۆڕانكاری لە حكومەتەكەیدا كرد، ئەندامی نوێی بۆ گرووپەكە زیادكرد لە پۆستەكانی وەزیرانی گواستنەوە و بازرگانی ناوخۆ و گەشەپێدانی ناوخۆ. وەك شیكەرەوەی سیاسی موستەفا سەید روونیدەكاتەوە، ئەم دامەزراندنانە دەریدەخەن كە ئیخوان موسلیمین هەوڵەكانی لەوەدا چڕكردۆتەوە كە ماوەی لە دوورمەودادا كۆمەڵگە بەئیسلامی بكات، ئەویش لەڕێی دروستكردنی تێڕوانینی لاوان و راگەیاندن و رێكخراوە كۆمەڵایەتییەكانەوە لەبری هەوڵی دروستكردنەوەی نەریتە كۆمەڵایەتییەكان لەڕێی دەستوور یاخود یاساكانەوە. دوای ئەوەش، وادیارە خراپبوونی باری ئابوری زیاتر پاڵی بە مورسییەوە نا كەسانی هاوپەیمان لە چەند پۆستێكدا دابمەزرێنێت كە رەنگە لەو پۆستانەدا كاریگەرییان هەبێت لە سیاسەتە ئابوری و كۆمەڵایەتییەكانی حكومەتدا.

## تێڕوانینی بەرگریكارانەی ئیخوان موسلیمین

لە هاوینی ساڵی 2012وە دەتوانین باشتر لە هەڵسوكەوتەكانی ئیخوان موسلیمین تێبگەین، جگە لەوەش ئەو هەڵسوكەوتانە هەڵمەتێكی باوەڕبەخۆبوون بوو بۆ كۆنترۆڵكردنی دەوڵەت، بەو پێیەی كاردانەوەیەكی بەرگریكارانەی گرووپەكە بوو كە هەستی دەكرد

هەمووان بەرەنگاری درەنگ هاتنەسەر دەسەڵاتی دەبنەوە. بەپێی قسەی یەکێك لە چاودێرە نزیکەکان لە گرووپی ئیخوان موسلیمین، گرووپەکە هەوڵیداوە تا مەکینەی دەوڵەت بخاتەگەڕ، بەرە بەرەش گەیشتۆتە ئەو هەستەی کە بەرژەوەندی زیاتر هەن، پێویستە کار بۆ پووچەڵکردنەویان بکات. رەنگە لە هەندێك حاڵەتیشدا هەندێك پاساوی هەبێت، وەك ئەوەی دادگای باڵای دەستووری لە یۆنیۆی 2012دا ئەنجومەنی گەلی هەڵوەشاندەوە، ئەگەر بکرێت گفتوگۆ لەبارەی شایستە یاساییەکانی ئەم هەڵسوکەوتە لە هەردوو حاڵەتەکەدا بکرێت، ئەوا، وا دیار نییە بڕیارەکە لەگەڵ روحی دیموکراسیدا گونجاو بێت. دوای ئەوەش ناڕەزاییەکان لە وەڵامی ئەو راگەیاندنە دەستوورییە تەواوکارییەی مورسی لە نۆڤەمبەری 2012 پەسەندی کرد، دەستیان پێکرد (کە ئامانجی بەتاڵکردنەوەی ناوەرۆکی بڕیارەکەی دادگـای بـاڵای دەستووری بوو سەبارەت بە کۆمەڵەی دامەزراندن). پۆلیس لە چەند شارێکدا شکستی هێنا لە پاراستنی نوسینگەکانی پارتی ئازادی و دادپەروەری، دەروازە ئەمنییەکە کرایەوە بۆ ئەوەی رێ بە خۆپشاندەران بدەرێت بگەنە دیواری کۆشکی سەرۆکایەتی (کۆشکی ئیحادیە). کاردانەوەی ئیخوان موسلیمینیش لەلایەکی ترەوە بووە هۆی پاشەکشێیەکی زۆری گرووپەکە بۆ بنکە سەرەکییە پشتیوانیکەرەکەی، هەموو ئەو رەخنەشی ئاراستەی دەکران بە نا شەرعی و دژی ئیسلام وێنا کرد.

سەرکردەکانی ئیخوان موسلیمین داوایان لە لایەنگرانیان کرد بێنە سەر شەقام بۆ رووبەڕوبوونەوەی خۆپیشاندەران لە دەرەوەی بارەگای حەوانەوەی سەرۆك مورسی، ئەم کارەش بووە مایەی پێکدادانی توند کە کوژراوی لێکەوتەوە. لایەنگرانی ئیخوان موسلیمین ژمارەیەك خۆپیشاندەریان دەستگیرکرد و بە شێوەیەکی دڵڕەقانە لێپرسینەوەیان لەگەڵ کردن، پاشان وا دەرکەوت کە مورسی بیەوێت ئەو دانپێدانانەی لەو لێپرسینەوە نایاساییەدا بەزۆر لە دەستگیرکراوەکان سەندرابوو،

وەك بەڵگە لەسەر نیازە تاوانکارییەکانی خۆپیشاندەران بەکاربهێنێت. ئەندامانی باڵای پارتی ئازادی و دادپەروەری هەوڵیان دا شەرعیەت لە نارەزاییەکان داماڵن و گرژی تایفی بڵاوبکەنەوە بەوەی گوایە زۆرینەی خۆپیشاندەران لە مەسیحییە قیبتییەکانن. بە درێژایی ئەو ماوەیە، دەتوانرێت دەستشلکردنی زۆری سەرۆك لەگەڵ ئەندامانی خوارەوەی ئیخوان موسلیمین لەوەدا بەدیبکرێت زیاتر لە نیوەی تیمی راوێژکاری سەرۆك مورسی بە زۆربەی ئەو ئەندامانەشەوە کە ئیسلامی نەبوون، یەك لەدوای یەك دەستیان لەکارکێشایەوە. لە مانگەکانی سەرەتای ساڵی 2013یشدا خراپبوونی باری ئەمنی لە وڵات بەردەوام بوو، دەریشکەوت کە توندوتیژی لە شەقامی شارەکانی پارێزگاکاندا، وەك پۆرسەعید، خەریکە دەبێتە رەنگدانەوەی تەنگژە سیاسییەکەی دەوڵەت. دەزگا ئەمنییەکان پەنایان بۆ شێوازە سەرکوتکارانەکان برد و سەردەمی حوسنی موبارەکی سەرۆکی لەکارلادراویان بەبیرهێنایەوە، لەوانەش بەکارهێنانی ئەشکەنجە و هێزی لەرادەبەدەر لە شەقامەکاندا. بەبێ هێزی سیاسی بۆ رێکخستنەوەی پێکهاتەی وەزارەتی ناوخۆ و لە رووبەرووبوونەوەی شەپۆلێك لە ئاڵۆزی جەماوەری کە بەشێوەیەکی سەرەکی ئاراستەی بزووتنەوەکەی بوو، وا دیاربوو ئیخوان موسلیمین بڕیاری دابێت هەوڵی هیچ چاکسازییەکی ئەمنی نەدات.

هەروەها ئیخوان موسلیمین بەتوندی وەڵامی ئەو زیادبوونە بەرفراوانەی بیرورای دوژمنکارانەی دایـەوە، کە لەلایەن کەناڵە سەربەخۆکانی میدیای میسرەوە لە ئارادابوون، ئەمەش بووە هۆی پەیدابوونی کەشێك کە پرۆسەی لێکۆڵینەوەکانی لەگەڵ رۆژنامەنوسان و دادگاییکردنیان لەسەر تاوانەکانی سوکایەتیکردن بە سەرۆك زیاترکرد. بەپێی قسەی یەکێك لە گرووپەکانی پەیوەندیدار بە مافەکانی مرۆڤ «ئاراستەیەکی گەشەسەندو هەیە لە حکومەتەکەی محەمەد مورسیدا بۆ بەئامانجگرتنی دەنگە سەربەخۆ و رەخنەگرەکان». هەروەها

لێکۆڵینەوەش لەگەڵ دامەزراوە میدیاییەکان و کەسانی سەربەخۆ بەتۆمەتی جنێودان زیادی کرد. ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی میسر لە ڕاپۆرتەکانیاندا باسی ئەوەیان کردووە کە لەسایەی حوکمڕانی مورسیدا ئاستەنگیان هاتۆتەپێش لە بەدەستهێنانی پارە لە دەرەوە زیاتر لەوەی لە سەردەمی موبارەکدا هەبووە، هەروەك لە ئەنجومەنی شوراشدا گفتوگۆ لەبارەی دوو ڕەشنوسی یاسایەکی نوێ بۆ ڕێکخراوە ناحکومییەکان کراوە کە درێژە دەدەن بە ڕێگەدان بە چاودێری توندی حکومەت لەسەر ڕێکخراوە ناحکومییەکان.

هێشتا زەحمەتە هەڵسەنگاندن بۆ ئەوە بکرێت کە تۆماری مورسی و ئیخوان بەرهەمی ناشارەزایی بێت و لە کەلتوری ناوخۆوە سەرچاوەی گرتبێت و تاچەندیش بەڵگەیە لەسەر نەبوونی پابەندبوونی زۆر بە بنەماکانی فرەیی دیموکراتییەوە. ڕەنگە باشترین شیکردنەوە بۆ ئەمە ئەوەبێت کە بزوتنەوەکە چەندە بەرەوپێشەوە هەنگاو بنێت، کاری بێ بەرنامە دەکات. بەپێی قسەی شیکەرەوەی میسری ئیبراهیم هزێبی، کە ئەندامێکی پێشوی ئیخوان موسلیمین و نـەوەی مەئمون هزێبی رابـەری پێشوتری ئیخوانە، گواستنەوە لە پێگەی فەرامۆشکردنەوە بۆ حوکمڕانی، ئاڵۆزییەکی گەورەی بۆ گرووپی ئیخوان موسلیمین خوڵقاندووە، کە ناتوانێت لەڕێی ئامرازە ئاساییەکانی وتاری ڕەوانبێژی بنیاتنراو لەسەر شوناس و کۆنترۆڵی ناوەندییەوە، چارەسەری بکات. شوناسی سیاسی هەموو بزوتنەوە ئیسلامییەکان، چ ئیخوان یان سەلەفییەکان، وادیارە لە دۆخێکی هەڵقوڵاندایە کاتێك ژینگەیەکیان گرتەبەر کە لە ریشەوە گۆڕاوە. پێدەچێت ئەو ئاڕاستەیەی ئیخوان موسلیمین دەیگرێتەبەر لەڕێی کۆتوبەندە دەرەکییەکان و هاوسەنگی سیاسی دەسەڵاتەوە دیاری بکرێت، هەروەها لەڕێی باوەڕی ئایدیۆلۆجیشەوە بەهەمان ڕێژە.

هەرچەندە بۆ یەکەمجار وا دیاربـوو مورسی دەتوانێت سەرکردایەتی وڵات بکات، بەڵام هەڵسوکەوتەکانی دواجاری و شکستی لە چارەسەرکردنی کێشە ئابوورییەکانی میسردا، ئێستا وا دەردەکەون کە زیانی ئەوەی بە ئیخوان موسلیمین گەیاندووە، پیشتیوانییەکانی لەدەست بدات. چونکە راپرسییەك کە بەم دواییانە بڵاوکراوەتەوە، دەریخستووە کە بەرێژەی لەسەدا 49 پشتیوانی لە مورسی دەکرێت، ئەمەش رێژەیەکی خراپ نییە، بەڵام کەمترە لە رێژەی لەسەدا 78 کە لە کۆتایی سەد رۆژی یەکەمی حوکمڕانییەکەیدا بەدەستیهێنا. هەروەها وادیارە لایەنگری سوپا بۆ مورسی لاواز دەبێت. چونکە فەریقی یەکەم عەبدولفەتاح سیسی فەرماندەی سوپا بەم دواییانە هەموو سەرکردە سیاسییەکانی لە وڵاتدا ئاگادار کردەوە کە «بەردەوامبوونی ململانێی هێزە سیاسییە جیاجیاکان و ناکۆکییان سەبارەت بە بەڕێوەبردنی کاروباری وڵات رەنگە ببێتە مایەی هەرەسهێنانی دەوڵەت و هەڕەشەش لە ئایندەی نەوەکانی داهاتوو دەکات». باری ئابووری خراپی میسر و زیادبوونی ئاڵۆزی کۆمەڵایەتی مانای ئەوەیە گرووپی ئیخوان موسلیمین رووبەڕوی زنجیرەیەك ئاستەنگی تایبەت بە سیاسەتەکان بۆتەوە کە زۆر زەحمەت دەبێت بەبێ پشتیوانی هاوپەیمانێتییەکی سیاسی فراوانتر چارەسەر بکرێن. تەواوکردنی دانوستانەکان بۆ بەدەستهێنانی قەرزێك لە سندوقی نەختی نێودەوڵەتی، کە پێویستە بۆ ئابووری میسر، پێویستی بە جێبەجێکردنی سیاسەتی ناجەماوەری دەبێت، کە حکومەت هەوڵدەدات لە گرووپە نا ئیسلامییەکان پشتیوانی بۆ کۆبکاتەوە (زۆرێك لە سەلەفییەکان هەروەها هەندێك لە گرووپەکانی ئۆپۆزسیۆنی لیبراڵ بەرهەڵستی ئەم قەرزە دەکەن). دواخستنی چاوەڕوانکراوی هەڵبژاردنی پەرلەمانی داهاتوو، مانای ئەوەیە رەنگە دواخستنی تەواوکردنی وتووێژەکانی تایبەت بە قەرزەکە بۆ دوای ئەنجامدانی هەڵبژاردن، بێ سود بێت.

## ئۆپۆزسیۆن: بەشداریکردن یان ڕەتکردنەوە؟

ئۆپۆزسیۆنی عەلمانی – لیبراڵی بۆ ماوەیەك لـەدوای شۆڕش لاواز بوو. لێشاوێك لەو پارتە نوێیانە هەبوو کە لە دەوری چەند کەسێکدا چڕبوونەتەوە، بەڵام بەبێ جەماوەرێکی بەرفراوان لەوڵاتدا. سیاسەتمەدارانی ئۆپۆزسیۆن دان بـەوەدا دەنێن کە ئاسان نەبوو پشتیوانییەکی جەماوەری بنیات بنرێت، پێشبینی ئەوەش دەکەن کە پێویستە ئەو کارە لەسەر بنەمای مەسەلە عەمەلییەکان بکرێت، لەبری بنەما دەستوورییەکان. مانۆڕەکانی مورسی لەکاتی قەیرانی دەستووریدا دواجار ئۆپۆزسیۆنی هاندا لەژێر چەتری بەرەی ڕزگاری نیشتمانی بە سەرکردایەتی محەمەد بەرادعی و عەمر موسا و حەمدین سەباحی خۆیان یەکبخەن، ئەگەرچی وادیارە هاوپەیمانێتییەکە بەتەواوی لە ڕوانگەی بەرهەڵستیکردنی ئیخوان موسلیمینەوە دامەزرابوو، بەبێ ئەوەی ئەجێندایەکی سیاسی یان ئابوری ئەرێنی هەبێت بتوانێت بنەمایەك بۆ بەرنامەیەکی حکومی بڕەخسێنێت. هەروەك ئۆپۆزسیۆنیش هیچ بەرنامەیەکی تێروتەسەلی بۆ چاکسازی لە کەرتی ئەمنی و دادوەری نەخستەڕوو (کە حوکمەکانی لە هەندێك جاردا خزمەتیان بە بەرژەوەندییەکانی ئۆپۆزسیۆن دەکرد). بڕیاری هاوپەیمانێتییەکەش لە مانگی فێبرایەری 2013دا بۆ بایکۆتکردنی هەڵبژاردنی داهاتووی پەرلەمان، گرنگترین دەستپێشخەری بوو لەکاتی دامەزراندنیەوە.

هۆکارە ڕاگەیەندراوەکانی بەرەی ڕزگاری نیشتمانی بۆ بایکۆتکردنی هەڵبژاردن، سکاڵای جەوهەری و جێبەجێکاری لە خۆگرتبوو سەبارەت بە یاسای نوێی هەڵبژاردن، ئەمە جگە لە ڕەخنەی گشتگیر لە شێوازی ئیدارەدانی دەسەڵات لەلایەن مورسییەوە. دەشتوانرێت بەئاسانی داواکارییەکانی سەبارەت بە هەڵبژاردن جێبەجێ بکرێن، لەدوای بڕیاری دادگای باڵای ئیداری بە هەڵپەساردنی هەڵبژاردن – بە پلەی یەکەم لەبارەی دابەشکردنی داپەروەرانەتری بازنەکانی هەڵبژاردن و

گەرەنتیدان سەبارەت بە باش بەڕێوەچوونی هەڵبژاردن - . بەکرداریش بانگهێشت ئاڕاستەی یەکێتیی ئەوروپا کرا، چاودێری هەڵبژاردن بکات. بەڵام داواکارییەکانی دیکەی وەکو پێکهێنانی حکومەتێکی یەکێتیی نیشتمانی و دامەزراندنی لیژنەیەك بۆ پێداچوونەوەی دەستوور، بەشێوەیەکی ریشەیی هەموو ئەو شتانەی بەتەواوی رەتدەکردەوە کە لە چەند مانگی رابردوودا لە میسر روویاندابوو. دواجاریش، وەك محەمەد بەرادعی ئەمینداری گشتی بەرەی رزگاری نیشتمانی وتی بەرەکە پێیوایە «ناکرێت لە ئێستادا هەڵبژاردن لە میسر ئەنجام بدرێت لەگەڵ ئەو لەدەستدەرچوونە ئەمنییە زۆرەدا» ناشیەوێت شەرعیەت بداتە رژێمەکە. بەڵام لە واقیعدا ئیخوان موسلیمین سەرکەوتنی لە هەموو ئەو هەڵبژاردنە گشتیانەدا بەدەست هێنابوو کە لە دوای شۆڕشەوە لە میسر ئەنجامدرابوون، وا دیاریشە هەڵوێستی رەتکەرەوەی بەشێکی زۆری ئۆپۆزسیۆن لە بایەخی دیموکراسیانەی ئەم راستییە کەم دەکاتەوە. هەروەك بینینی بەوشێوەیەی ئامرازێکە بۆ بەدەستهێنانی تەنازول لە رژێمی مورسی، کارێکی ژیرانە نییە. لەم تێڕوانینەشەوە، بڕیارەکەی حکومەت سەبارەت بە رێگەدان بە چاودێری نێودەوڵەتی بڕیارێکی زیرەکانە بوو لەڕووی ستراتیجیەوە و هەڕەشەیش بوو بۆ دابەشکردنی ئۆپۆزسیۆن و لاوازکردنی ئەو هاوسۆزییە نێودەوڵەتییە سنووردارەی کە لەبنەڕەتدا هەیبوو.

بەرەی رزگاری نیشتمانی بەردەوام توندوتیژی رەتکردۆتەوە و ستراتیجە سیاسییەکەی داوای «ئەڵتەرناتیڤێکی ئاشتیانە و هەمەلایەن لەدەروەوەی سیاسەتی دامەزراوەیی» کردووە، وەك عەمر حەمزاوی ئەندامی بەرەکە دەڵێت. بەڵام بۆچوونەکەی ئۆپۆزسیۆن پشتی دەبەست بە کێشانەوەی پشتیوانی میللی لە ژێرخانە سیاسییەکەی ئێستا کە پێدەچێت لەسایەی ئەو هەلومەرجەی لە ئارادایە باری ناسەقامگیری وڵات زیاتر بکات و لەوانەشە ببێتە هۆی کودەتایەکی

سەربازی، هەردوو بژاردەکەش وێرانکەربوون بۆ ئەگەرەکانی هێنانەئارای دیموکراتیەتێکی فرەیی. لەبری ئەوەش، ئەنجامدانی هەڵبژاردنێکی دادپەروەرانە و رکابەرانە رەنگە هێشتا باشترین شێواز بێت، بۆ کۆتکردنی رۆڵی سیاسی ئیخوان موسلیمین. وەك مستەفا سەید شارەزای سیاسیش دەڵێت: «ئەگەر هەڵبژاردن بە ئازادانە بمێنێتەوە، ئەوا میسر گەشە دەکات بۆ دیموکراتیەتێکی فرەیی».

هەروەها هاوسەنگییەکی گۆڕاوی هێزە سیاسییەکان، باشترین بنەماش دەبێت بۆ پێداچوونەوەی دەستوور لە ئایندەدا. پێویستیشە یەکێتیی ئەوروپا، لەم قۆناغە هەستیارەی شۆڕشی سیاسی لە میسر، تەئکید بکاتەوە لەسەر هەوڵی دیاریکردنی ئەو چارەسەرە چاوەڕوانکراوەی رێگا بە ئۆپۆزسیۆن دەدات بەشداری هەڵبژاردن بکات - ئەویش کارێك بوو رەنگە بڕیارەکەی دادگا بە دواخستنی هەڵبژاردن رێگەی پێ بدایە - هەروەها هێنانەئارای بنەمایەك بۆ چاکسازی کە بێلایەن بێت و لایەنداری بۆ دەزگا ئەمنییەکان و دامەزراوە گشتییەکانی دیکە لە میسر نەبێت.

## تونس: جەمسەرگیری و سێبەری توندوتیژی

تونس تا دوورترین سنور خۆی لەو رووبەڕوبوونەوە و ئاڵۆزییانە بەدوورگرت، کە میسر بەخۆوەی بینی. بەڵام لە چەند مانگی دواییدا، وڵاتەکە دەستیکرد بەرووبەڕوبوونەوەی گرژی و جەمسەرگیری زۆر زیاتر، ئەو ئاڕاستانەش بە تیرۆرکردنی شوکری بلعید، سەرکردەی سیاسی چەپڕە و لە شەشی فێبرایەری 2013دا گەیشتە ترۆپك. تیرۆرکردنی بلعید زیادبوونێکی مەترسیداری لە توندوتیژی سیاسی لە وڵاتەکەدا ئاشکرا کرد، قەیرانێکیشی لە سیاسەتی تونسدا لێکەوتەوە. وەك ئەوەی لەمیسر روویدا، دابەشبوونە سیاسیەکان لە دەوری ئۆپۆزسیۆنی هێزە ئیسلامییەکان و هێزە عەلمانییەکان کۆبوونەوە، بەڵام لەگەڵ جیاوازی

جەوهەری لە نێوان هەردوو دەوڵەتدا. لەتونس، حزبی نەهزەی ئیسلامی هەوڵیدا بە بەستنی هاوپەیمانی لەگەڵ دوو پارتی عەلمانی حوکمڕانی بکات، رووبەڕوی بەرهەڵستییەکی سیاسی بەهێزتریش بووەوە لەلایەن هاوپەیمانی دژ بە ئیسلام. کۆمەڵگەی تونسی نەریتێکی لە عەلمانیەت تێدایە زۆر لەوە زیاترە کە لە میسردا هەیە، بەڵام بزوتنەوەیەکی سەلەفی توندوتیژتریشی تێدایە کە تاڕادەیەکی زۆر لە دەرەوەی پرۆسەی دیموکراسی ماوەتەوە، ئامادەیشە پەنا ببات بۆ کارکردنی راستەوخۆ بە مەبەستی هەوڵدان بۆ سەپاندنی بەها موحافزکارانەکانی.

حزبی نەهزە لە ئەنجومەنی نیشتمانی دامەزراندندا لە ئۆکتۆبەری 2011دا دەرکەوت، بەوپێیەی گەورەترین حزبی هەڵبژاردنە، بەڵام هێزی تەواوی نەبوو بۆ ئەوەی بەتەنیا حوکمڕانی بکات. حزبەکە چووە هاوپەیمانێتییەکەوە لەگەڵ دوو لە حزبە عەلمانییەکان لە چەپی ناوەند، کە ئەوانیش پارتی کۆنگرە لەپێناو کۆمار و هاوپەیمانی دیموکراتی لەپێناو کار و ئازادییەکان بوون، ئەم کارەش پێشوازی لێکرا بەو پێیەی پێشهاتێکی گرنگ بوو بۆ جیهانی عەرەبی. مونسیف مەرزوقی سەرۆکی تونس کە سەر بە پارتی کۆنگرە لە پێناو کۆمارە ساڵی رابـردوو وتی ستراتیجی هاوپەیمانێتییەکە خۆی دەبینییەوە لە «هەوڵدان بۆ کۆدەنگییەکی بنیاتنراو لەسەر هاوپەیمانێتییەك لە میانڕەوانی ئیسلامی و عەلمانی، بەجۆرێك بتوانین حکومەتێکی ناوەند پێکبهێنین». بەڵام لەبری کۆدەنگی، حکومەت درزی زۆری تێکەوت لەڕووی متمانە و دیالۆگی سیاسییەوە، ئەوەش بارودۆخێکی هێنایەئاراوە کە تێیدا هاوپەیمانێتییە سیاسییە سەرەکییەکانی وڵات هێز و هاوپەیمانێتی دژیان بە نا شەرعی لە بنەڕەتدا لەقەڵەم دەدا.

بەهۆی قـەبـارەی بـزوتـنـەوەی نـەهـزەوە (کـە لە کۆمەڵەی دامەزراندندا دوو هێندەی ئەو کورسیانەی بەدەستهێنابوو کە دوو حزبەکەی دیکەی هاوپەیمانێتییەکە بەدەستیان هێنابوو)، بووە هێزی

بەهەژموونی ناو حکومەتی «ترۆیکا»، واتە ئەو حکومەتەی لە سێ حزبەکە پێکهاتبوو. وەکو ئەوەی لە میسر هەبوو، سکاڵاش لەوە هەبوو کە حزبی نەهزە هەوڵدەدات دامەزراوە گشتییەکان کۆنترۆڵ بکات، هەروەك مشتومڕیش لەسەر هێڵی جیاکەرەوە و گونجاوی نێوان دامەزراندنە سیاسی و ناسیاسییەکان لە ئارادابوو. لە ساڵی 2012یشدا، دەستلەکارکێشانەوەکان بە شێوەیەکی روولەزیادبوو لەنێو ریزی هاوبەشەکانی هاوپەیمانێتی لەگەڵ نەهزە لە کۆمەڵەی دامەزراندندا بەدوای یەکدا هاتن. لە کاتێکدا سکاڵای پەرلەمانتاران ئەوەبوو کە سەرکردەکانیان رێگایانداوە بە پەراوێزخستنی حزبەکانیان. سەلیم عەبدولسەلام کە پەرلەمانتارێکی دەستلەکارکێشاوەی هاوپەیمانێتییەکەیە دەڵێت «ئامانجی نەهزە ئەوەیە دەستبەسەر دەوڵەتدا بگرن». حزبەکە کەسانی لایەنگری خۆی و فەرمانبەری حکومی نا شارەزای لە پۆستە سەرەکییەکانی حکومەتی خۆجێیی و ئیدارەی گشتی دامەزراند، لەبری هەڵبژاردنی کەسانی تەکنۆکرات و شـارەزا. هەروەها حکومەت رووبـەڕووی تۆمەتی هەوڵدان بۆ لاوازکردنی سەربەخۆیی دادگا بووەوە پاش ئەوەی 75 دادوەری وڵاتی لە کارەکانیان لە وەزارەتی داد دەرکرد. هەرچەندە کۆدەنگییەك هەیە لەبارەی ئەوەی زۆربەی ئەو دادوەرانەی لە سەردەمی زەینلعابدین بن عەلی دامەزرابوون، گەندەڵن، بەڵام شێوازی دەرکردنیان پێوەری روونی تێدا نییە و بەپێی قسەی رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ، لەگەڵ رێوشوێنەکاندا یەکناگرێتەوە.

هەروەها وەك ئەوەی لە میسر لە ئارادایە، رەنگە ئەم ناکۆکییانە ریشەیان داکوتابێت لە نەبوونی متمانەی سیاسی و ناڕۆشنی- کە ئەمەش بە کارێکی ئاسایی دادەنرێت لە دیموکراتییەتێکی تازە پێگەیشتوودا - سەبارەت بەو دەسەڵاتانەی کە پێویستە سەرکەوتنی ئەرێنی هەڵبژاردنیان لێبکەوێتەوە. هەروەها ئەم ناکۆکییانە ئەو

کێشانەش دەردەخەن کە لە بەڕێوەبردنی حکومەتی گواستنەوە بەبێ هیچ بەرنامەیەکی چاکسازی روون و رێککەوتن لەسەرکراو هەن.

لەبەرامبەر پاشەکشێی جەماوەری لایەنگری حزبی نەهزە و بێزاری رووڵەزیادبوو لە هەرێمەکانی تونسدا سەبارەت بە کێشە ئابوری و کۆمەڵایەتییەکانی وڵات، حزبەکە پێیوابوو رەنگە ئەگەری ئەنجامدانی گۆڕانکارییەکی وەزاری لە سەرەتای ساڵی 2013 دا، ببێتە مایەی بەشدارییپێکردنی پارتی نوێ لە هاوپەیمانێتییەکەدا. بەڵام گۆڕانکارییە حکومییەکە هەرەسیهێنا لەنێو ناکۆکییەکاندا سەبارەت بەوەی ئایا حزبی نەهزە دەستبەرداری وزارەتە سیادییەکان دەبێت، واتە وەزارەتەکانی کاروباری دەرەوە و ناوخۆ و داد. پاش تیرۆرکردنی بلعید، حەمادی جیبالی سەرۆك وەزیران (کە ئەمینداری حزبی نەهزەش بوو) داوای پێکهێنانی حکومەتێکی نا سیاسی کرد (حکومەتێکی تەکنۆکرات)، بەڵام خۆی لەبەرامبەر بەرهەڵستی حزبەکەیدا بینیەوە. پاش دەستلەکارکێشانەوەشی، بەرپرسێکی تری حزبی نەهزە کە ئەویش عەلی عرەیز بوو، توانی حکومەتێکی نوێ پێکبهێنێت. بەڵام سەرەڕای ئەو راستییەی کە حزبی نەهزە گەیشتە چارەسەرێك بۆ دەستبەردرابوون لەو وەزارەتانەی ناکۆکییان لەسەرە و بەخشینیان بە کەسانی سەربەخۆی تەکنۆکرات، ئەوا نەیتوانی هیچ حزبێکی نوێ بۆ نێو هاوپەیمانێتییەکە رابکێشێت.

## ئایا تایبەتمەندی تونس لەژێر هەڕەشەدایە؟

بێمتمانەیی حزبی نەهزە زیادی کرد، نەك تەنیا لەبەر هەوڵە رووکەشەکانی بۆ دامەزراندنی کەسانی هاوسۆزی لە دەزگا جیاجیاکانی دەوڵەتدا، بەڵکو لە ئەنجامی مەترسی رووڵەزیادبوو لەوەی کار بۆ هەڵگەڕانەوە بکات لە هەموو ئەو بوارانەی لیبراڵەکان بە میراتی کەلتوری دیاری تونسی دەزانن لە لێبوردەیی و عەلمانیەتدا، چونکە

زۆرێك لە دەستەبژێرەكانی كەرتی كار و پیشەكان هاوسۆزییەكی بەهێزیان هەیە بۆ ئەوەی پێیدەوترێت «تایبەتمەندی تونس»، كە لەسەر ئەو چاكسازییانە دامەزراوە و سەرۆكی پێشووتر حەبیب بورقێبە سەبارەت بە بڵاوكراوەی خێزان لە ساڵانی پەنجاكانی سەدەی بیستەمدا ئەنجامیدان (مەبەست لە «گۆڤاری باری كەسێتی»یە كە پەرلەمانی تونس لە ساڵی 1956دا پەسەندی كرد و هەندێك یاسای لەخۆگرتبوو بۆ ئەو كاتە شۆڕشگێڕانە بوون، وەكو قەدەغەكردنی فرەژنی و دیاریكردنی نزمترین تەمەنی هاوسەرگیری) لەگەڵ بۆچوونی مۆدێرنە بەپێی نموونە ئەوروپییەكەی. بەڵام هەڵكشانی حاڵەتەكانی سەركوتكردنی سیاسی لە دوای شۆڕش بووە هۆی هاتنەئارای ئەوەی كە یەكێك لە چاودێرانی تونس بە «زیادبوونێكی لەناكاوی تێڕوانینی ئاینداری و رۆشنبیری ئایینی» وەسفی دەكات. سەرەڕای ئەوەش كە بەشی زۆری ئەم دەربڕینە نوێیە ئاشكرایەی باوەڕی ئایینی راستەوخۆ پەیوەست نییە بە حزبی نەهزەوە، بەڵام ئەو ترسەی زیاتركرد كە هەندێك لە تونسییەكان لە بەرامبەر هەڵبژاردنی حكومەتێك كە ئیسلامییەكان سەركردایەتی بكەن، هەستیان پێدەكرد. هەروەها وەك ئەوەی لە میسر هەیە، دابەشبوونی ئایدیۆلۆجی سەبارەت بە پەیوەندی نێوان ئیسلام و دەوڵەت مەودایەكی تری بە جەمسەرگیری و بێمتمانەیی بەخشی، لە پاڵ پێكدادانە رەگداكوتاوە راستەوخۆكانیشدا سەبارەت بەو ترسەی لە چڕبوونەوەی دەسەڵات لە دەستی یەك گرووپی سیاسیدا هەیە.

لەگەڵ ئەوەشدا، تەنیا ئامرازێكی گرنگ هەبوو كە ئایین تێیدا ببووە تەوەر بۆ كێشەكانی پرۆسەی گواستنەوە لە تونس. چونكە لەوەتەی شۆڕش دەستی پێكردووە، ئەو گرووپە سەلەفیانەی لەسەردەمی رژێمی بن عەلی بەردەوام بەنهێنی كاریان دەكرد، زنجیرەیەك خۆپیشاندانی ناڕەزایی توندیان ئەنجامدا سەبارەت بە چەند بابەتێكی وەك پێشانگا هونەرییەكان و فیلمە سینەماییەكان و جلوبەرگی زانكۆ و فرۆشتنی

مەی، جگە لە هێرشکردنە سەر مەزاری پیاوچاکان و شوێنەوارەکانیش. گرووپە سەلەفییەکان لەپشت هێرشکردنە سەر باڵیۆزخانەی ئەمریکاوەن لە 14ی سێبەتەمبەری 2012دا، کە بووە هۆی کوژرانی چوار کەس، حکومەتی تونسیش بەم دواییانە رایگەیاند توندڕەوە ئایینییەکان بەرپرسیاریشن لە تیرۆرکردنی بلعید. هەروەك لێکۆڵینەوەیەکی ورد کە تازە بڵاوکراوەتەوە، دەریخستووە پشتیوانیکردنی گرووپە سەلەفییەکان لە هەژارترین ناوچەکانی تونسدا رووی لە گەشەکردن کردووە، چونکە ئەم گرووپانە یارمەتیدەرن بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەی کە لە تەرخانکراوە کۆمەڵایەتییە کەمەکاندا دروست دەبن.

بەپێچەوانەی میسریشەوە، سەلەفییەکان لە تونس تا رادەیەکی زۆر لە دەرەوەی شانۆی سیاسی مانەوە، زۆریشیان بنەما سەرەکییەکانی شەرعیەتی دیموکراسی و حوکمی یاسایان رەتکردەوە. بەلای زۆرێك لە تونسییەکانەوە وەڵامدانەوەی حزبی نەهزە بۆ سەلەفییەکان گوماناوی و ناڕوون بوو. چونکە بەریرسە تونسییەکان بە درێژایی چەند مانگێك لە ناوەڕاستی ساڵی 2012دا، دوودڵ بوون لە راوەدوونانی سەلەفییەکان، زۆرجاریش ئەو تێڕوانینەیان داوە بەدەستەوە کە هەندێك هاوسۆزیی هەیە لەگەڵ هەستی شاراوەی پشت هەڵوسکەوتەکانیان. هەندێك لە بەرپرسانی حزبی نەهزە مشتومڕی ئەوەیان دەکرد کە کارێکی گرنگە گفتوگۆ لەگەڵ سەلەفییەکان بکرێت و هەوڵی هێنانیان بۆ ناو پرۆسەی سیاسی بدرێت، لەبری ئەوەی بە پەراوێزخستنیان بەرەو توندڕەوی پاڵیان پێوەبنرێت. لە هەمانکاتیشدا، هەندێك لە لایەنگرانی حزبی نەهزە رەخنەیان لە حزبەکەیان گرت کە دڵڕەق بووە بەرامبەر هاوکارە ئیسلامییەکانیان. هەڵوێستی ناڕوونی حزبی نەهزە، بە شێوەیەکی لاوەکی، رەنگدانەوەی ئەو گرژیانە بوو کە پێیاندا تێپەڕی لەمیانی هەوڵدانی بۆ ئەوەی خۆی وەك دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتی بهێڵێتەوە کە ئامانجی سەرلەنوێ بە ئیسلامیکردنی کۆمەڵگە و کارکردنە وەك

حزبێکی سیاسی لە حکومەتێکی هاوپەیمانیدا. چاوەڕوان دەکرا کۆنگرەی گشتی حزبی نەهزە لە هاوینی 2012دا، ئەم مەسەلە جەوهەریە تاوتوێ بکات، بەڵام دواجار بەجێهێڵرا بۆ تاوتوێکردنی لە کاتێکی تردا.

وا دیارە مەترسی عەلمانییە بەگومانەکان لە شوێنی خۆیدا بوو، لە ڕێی ئەو گرتە ڤیدیۆییانەوە کە لە مانگی ئۆکتۆبەری 2012دا دزەی کرد و تێیدا راشد غەنوشی سەرکردەی بزوتنەوەی نەهزە دەردەکەوێت کە بە کۆمەڵێك لە سەرکردە سەلەفییەکان دەڵێت دەبێت تێڕوانینێکی دوورمەودا بگرنە بەر مادام «هێشتا عەلمانییەکان ئابوری و راگەیاندن و ئیدارەیان لەدەستدایە... هەروەك سوپا و پۆلیسیش گرەنتی ناکرێن» روونیش نییە کە ئەم قسەیە بیسەلمێنێت پیلانگێڕییەکی نهێنی هەیە لەگەڵ جیاوازی هونەری سیاسەتی دیموکراتیدا، کە دەڵێت شتی جیاواز بۆ جەماوەری جیاواز بوترێت، بەڵام بەلانی کەمەوە ئەوە رەنگدانەوەی ستراتیجی حزبی نەهزەیە لە هەوڵی زمانلوسی سەلەفییەکاندا بۆ هاوکاریکردن بە پێی کارنامەیەکی هاوبەش بۆ هێنانەئارای گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی زیاتر. بەڵام ئاماژەی ئەوە هەیە ئەو هێرشەی باڵیۆزخانەی ئەمریکای کردە ئامانج، رەنگە خاڵی وەرچەرخان بێت لە پەیوەندی حزبی نەهزە لەگەڵ گرووپە سەلەفییەکاندا. بۆیە لە دوای هێرشەکە، حکومەت - کە لەدەست حزبی نەهزەدایە - کارەکانی لەدژی توندڕەویی ئایینی زیاتر کرد و دەیان گومانلێکراوی دەستگیر کرد و زۆرێك لە دەستگیرکراوانیش مانگرتنیان لە خواردن راگەیاند و دووان لە زیندانییەکانیش گیانیان لەدەستدا.

هەروەها تونس مشتومڕێکی گەرمی بەخۆوە بینی کە پەیوەندی بە ئازادی رۆژنامەگەرییەوە هەیە. لە کاتێکیشدا کە هەندێك حاڵەتی دادگاییکردن هەبوون سەبارەت بە پێشێلکردنی بەها ئایینی و کەلتورییەکان و رووماڵێکی میدیایی بەرفراوان کران، بەڵام ململانێ

گرنگترەکە سەبارەت بە پەیوەندی نێوان میدیا و دەوڵـەت بوو. رۆژنامەنووسە تونسییەکان لە مانگی ئۆکتۆبەری 2012دا مانگرتنیان راگەیاند بۆ نارەزایی دەربڕین بەرامبەر بە دامەزراندنی کۆمەڵێك بەڕێوەبەری نوێ بۆ دامــەزراوە میدیاییە گشتییەکان کە وەك کەسانی لایەنگری دڵسۆزی رژێم سەیرکراون بەبێ ئەوەی پابەندی میدیای سەربەخۆ بن، بەڕێوەبەرێکی پێشووی پۆلیسیشیان تێدایە. رۆژنامەنوسە مانگرتووەکان هەروەها داواشیانکرد، بنەما نوێیەکانی کاری رۆژنامەنوسی جێبەجێ بکرێت کە دەستەی نیشتمانی سەربەخۆ بۆ چاککردنی میدیا و پەیوەندی ساڵی رابردوو رەشنووسەکەی دانا، بەڵام هەرگیز پەسەند نەکرا. عەرەبی شوێخە کە ئەندامێکی ئەو دەستەیەیە کە رەشنوسەکەی داناوە، پێیوایە حزبی نەهزە بەسادەیی لە روانگەی حزبایەتییەوە ئەوەی رەتکردۆتەوە: «لەپێناو سەرخستنی پرۆسەی گواستنەوەدا پێویستە بەپێی شارەزایی لەگەڵ کەسانێکدا کاربکەیت، هەر کەسێك بن،... بەڵام حزبی نەهزە ئاسودە نەبوو لەگەڵ ئەوەدا، میدیاش ئاماژەیەك بوو بۆ ئەوە». مانگرتنەکە کۆتایی پێهات پاش ئەوەی حکومەت بەڵێنی دا یاسا نوێیەکانی میدیا جێبەجێ بکات، بەڵام مشتومڕ سەبارەت بە رادەی ئازادیی رۆژنامەگەری و میدیای سەربەخۆ لە رەخنەگرتن لە حکومەت یان سوکایەتیپێکردنی هێشتا هەر گەرمە. بەپێی قسەی رێکخراوێکی تونسی پەیوەندیدار بە ئازادی رۆژنامەگەری و میدیاوە، ئەو هێرشانەی رۆژنامەنوسان دووچاریان بوونەوە بە هەڕەشەکانی کوشتنیشەوە، لە ساڵی 2013دا زیادیان کرد، زۆرجاریش لە خۆپیشاندانەکانی پشتیوانی بۆ حکومەتدا دروشمی دژ بە رۆژنامەنوسان بەرز دەکرێتەوە.

حزبی نەهزە لە ئەنجومەنی دامەزراندندا زنجیرەیەك باڵۆنی تاقیکردنەوەی هەڵدا کە بووە جێی ترسی عەلمانییەکان، لەوانەش چەند ماددەیەکی یاسایی بۆ بەتاواناساندنی جنێودان و هەروەها دیاریکردنی

شێوازی ڕۆڵی ژنان بەوپێیەی تەواوکەری پیاون، دیاریکردنی شەرعیەت وەك سەرچاوەی یاسادانان. بەڵام دواجار حزبەکە پاشەکشەی کرد لەم ماددانە لەبەرامبەر هەڵمەتی بەکۆمەڵی هاوبەشی کۆمەڵە و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنیدا. ڕەنگە زەحمەتبێت بۆ حزبی نەهزە ئەم ماددانە لە دەستوردا دابڕێژێت بە لەبەرچاوگرتنی هاوسەنگی هێز لە ئەنجومەنی دامەزراندندا، بەڵام هێشتا بە تەنازولی جەوهەری دادەنرێن کە بووە هۆی نائومێدکردنی زۆرێك لە لایەنگرانی حزبەکە. هەروەها حزبی نەهزە پاشەکشێی کرد بەهۆی ڕێگەدان بە سیستمێکی نیمچە سەرۆکایەتی کە ئۆپۆزسیۆن پێیوابوو باشترین گەرەنتییە بۆ قۆرخ نەکردنی دەسەڵاتی سیاسی لەلایەن ئیسلامییەکانەوە. ڕەنگە دیارترین خاڵی لاوازی نوێترین دەقی ڕەشنوس خۆی لـەوەدا ببینێتەوە کە دەستووری تونس دەخرێتە سەرو ڕێسا نێودەوڵەتییەکانەوە، ئەمەش ڕەنگە توانای چالاکوانان لە ناوخۆی وڵاتدا کەمبکاتەوە لە پەنابردن بۆ پێوەرە جیهانییەکان سەبارەت بە مافی کەمینەکان. بەڵام چالاکوانانی پەیوەندیدار بە مافەکانی مرۆڤ لە تونس دان بـەوەدا دەنێن کە هیوایەکی کەم هەیە بۆ کۆکردنەوەی ژمارەیەکی زۆرتر لە هاووڵاتیانیان بۆئەوەی هانیان بدەن بۆ بایەخدان بەم خاڵە ناڕوونە.

### هیزەکانی دژ بە سیستمی نوێ

ئەو هاوپەیمانێتییەی حزبی نەهزە سەرکردایەتی دەکرد لەدوای گرتنەدەستی دەسەڵات ڕووبەڕوی دوو هێزی گرنگی دژ بووەوە، یەکێکیان بزوتنەوەی سەندیکاکانی کرێکاران بوو، لەسەروی هەمووشیانەوە یەکێتیی گشتی کار لە تونس. چونکە یەکێتیی گشتی کار لە تونس بووە خاڵی جەوهەری بۆ ناڕەزایی لەبەرامبەر شکستی حکومەت لە بەدیهێنانی هەر پێشکەوتنێك لە باشکردنی باری ئابوری یان ئاسۆکانی کار بۆ زۆرێك لە تونسییەکان، بەتایبەتی ئەوانەی لە ناوخۆی تونسدا

نیشتەجێبوون. خۆپیشاندانەکانی یەکێتیی گشتی کار لە تونس بوونە هۆی پێکدادان لەگەڵ پۆلیس و لەگەڵ گرووپێکی سەر بە حزبی نەهزە کە ناوی «کۆمەڵەکانی پاراستنی شۆڕش» بوو (دواتر دێینە سەری). نیمچە هەرەسهێنانی پەیوەندی نێوان یەکێتیی گشتی کار لە تونس و حکومەت بووە مایەی راگەیاندنی مانگرتنێکی گشتی لە دیسەمبەری 2012دا، بەڵام ئیمزاکردنی بەڵگەنامەیەك لە نێوان سەندیکاکان و حکومەتدا لە کاتێکی پێشووتری ئەم ساڵدا، رەنگە ئاماژە بێت بۆ سوربوونێکی نوێ لەلایەن هەردوولاوە لەسەر کەمکردنەوەی رادەی گرژییەکان.

حزبی نەهزە لە چەند مانگی دواییدا رووبـەڕوی رکابەرێکی سیاسی بەهێز بووەوە لەگەڵ دەرکەوتنی حزبی «بانگەوازی تونس» کە ئەلباجی قائید سەبسی، سەرۆك وەزیرانی کاتی پێشوو سەرکردایەتی دەکات. بەوپێیەی دامەزراندنی حزبەکە بە مەبەستی داکۆکیکردن بوو لە میراتی نیشتمانی – عەلمانی تونس، ئەوا حزبەکە خۆی خستە پێشەوەی هاوپەیمانێتییەك دەکرێت وەك گەورەترین رکابەری جدی بۆ حزبی نەهزە لە هەڵبژاردنی داهاتووی پەرلەماندا دەربکەوێت. چونکە بەپێی راپرسییەك کە بەم دواییانە ئەنجامدراوە، هەردوو حزبی نەهزە و بانگەوازی تونس تەواو یەکسانن لە پشتیوانی جەماوەریدا، چونکە هەر یەکەیان رێژەی لەسەدا 33ی دەنگەکانیان بەدەستهێنا. سەبسی بە بەردەوامی بە یەکێك لەو سیاسییانە دانراوە کە زۆرترین متمانەیان لە وڵاتدا بەدەستهێناوە و بەجەماوەرترین کاندیدی پۆستی سەرۆکە. لەلایەن خۆشیانەوە، لایەنگرانی حزبی نەهزە، حزبی بانگەوازی تونسی رکابەریان بە دوژمنی شۆڕش دادەنێن، چونکە هەندێك لە ئەندامانی پێشووی حزبەکەی بن عەلی لەخۆدەگرێت، واتە حزبی گردبوونەوەی دەستووری دیموکراتی. راشد غەنوشی سەرکردەی حزبی نەهزەش حزبەکەی بەوە وەسفکرد کە «لە سەلەفییەکان مەترسیدارترە» چونکە ئەندامانی رژێمی پێشووی لەخۆ گرتووە.

حزبی نـەهـزە ساڵی رابـــردوو سەرپەرشتی پـرۆژەیـاسـای دوورخستنەوەی سیاسی کرد (کە پێیدەوترێت یاسای پاراستنی شۆڕش)، بە ئامانجی دوورخستنەوەی گەورە بەرپرسانی پێشووی حزبی گردبوونەوەی دەستووری دیموکراتی لە ژیانی سیاسی بۆ ماوەی 10 ساڵ، کە پرۆژەیاسایەکە هێشتا جێی گفتوگۆیە. هەندێك لە چاودێرە تونسییەکان پێیانوایە پاڵنەری پرۆژەیاساکە مەترسی حزبیانەیە. هەندێکیش تێگەیشتنی خۆیان پیشانداوە بۆ هەستی دوژمنکارانەی حزبی نەهزە بەرامبەر رژێمی بن عەلی، کە چەندین بەرپرسی حزبەکە ماوەی دوورودرێژی زیندانیکردنیان لە سایەیدا بردەسەر. لە هەموو بارێکیشدا، رێوشوێنەکە جیاوازبوو لە پرۆژەیاساکەی کەرتی دادوەری قۆناغی گواستنەوە کە کۆدەنگییەکی زیاتری لەسەرە و بەم دواییانە رەشنوسەکەی بە بەشداری چەندین رێکخراوی کۆمەڵی مەدەنی دانراوە.

لە هەڵبژاردنی ساڵی 2013وە، تونس ململانێیەك لەسەر شەرعیەتی سیاسی و شەڕێکی هاوتەریب لەسەر پەیوەندی نێوان حزبایەتی و یەکێتیی نیشتمانی بەخۆوە دەبینێت، لەسەر پاشخانی چەقبەستنێکی ئابوری و ململانێیەکی ئایینی.

وەك پرۆسەی دەستووری و گرێبەستی کۆمەڵایەتی دەریدەخەن، رەنگە هاوسەنگی هێز و پێویستی رووبەڕوبوونەوەی جیاوازییە هەنوکەییەکانی وڵات وا لە حزبە سیاسییەکان بکات پێویستی فرەیی قبوڵ بکەن و بگەنە رێککەوتن لەسەر بنەماکانی ژیانی سیاسی. رەنگە گۆڕانکارییە حکومییەکەی ئەم دواییە، ئەو مەترسییە روو لەزیادبووەی بلعید هێنایەئارا، هاندەربێت بۆ سەرەتایەکی نوێ. بەڵام مەترسییەك هەیە خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کە جیاوازییە ئایدیۆلۆجییە گەورەکان لەبارەی ئایین، ناڕەزایی لە باری ئابوری، دینامیەتێکی هەڵگەڕاوە لە توندڕەوی و جەمسەرگیری گەورەتر بوروژێنن. حزبی نەهزە وادەرکەوت

که زۆر له ئیخوان موسلیمینی میسر زیاتر له ناوخۆدا دابەشبووە لەمیانی هەوڵەکانیدا بۆ هاوسەنگکردنی ئامانجەکانی بەشداری کردنی لە سیستمی سیاسی، کە گرووپە عەلمانییەکان هەر بە زۆرینە دەمێننەوە، هەروەها بۆ بنیاتنانی پردیش لەگەڵ ئەو گەنجە توڕانەدا، کە لەڕووی ئایینییەوە راکێشراون و توندڕەوی سەلەفیش هانیاندەدات.

پێدەچێت ئەو شێوازەی حزبەکان وەڵامی ئەو رەوتە توندوتیژییەیان پێدایەوە، کە لەم چەند مانگەی دواییدا چووە ناو ژیانی سیاسی تونسەوە، گرنگترین فاکتەربێت لە دیاریکردنی ئەو رێچکەیەی پرۆسەی گواستنەوە لە وڵاتدا لە قۆناغی داهاتوودا دەیگرێتەبەر. بەچاوپۆشین لە سەلەفییەکانیش، دەرکەوتنی روو لە هەڵکشانی کۆمەڵەکانی پاراستنی شۆڕش هۆکارێکی دیکەی نیگەرانی دەدات بەدەستەوە. ئەم گرووپانە لە بنەڕەتدا لەدوای راپەڕینەوە دروستبوون بە ئامانجی درێژەدان بە گوشار لە پێناو گۆڕانکاری سیاسیدا، بەڵام بەتێڕوانینی زۆرکەس گۆڕاون بۆ گرووپێکی نیمچە سەربازی کە بەڕادەیەکی زۆر هەڵسوڕاوانی لایەنگری حزبی نەهزە لە خۆدەگرێت. لەزنجیرەیەك کاری توندوتیژیشدا تێوەگلاون کە ناودارترینیان پێکدادانە لەگەڵ لقی هەرێمایەتی حزبی بانگەوازی تونس لە ئۆکتۆبەری 2012دا، کە بووە هۆی کوژرانی سەرکردەی خۆجێیی حزبەکە. حزبی نەهزە داواکارییەکانی هەڵوەشاندنەوەی ئەو کۆمەڵانەی رەتکردەوە و رایگەیاند هەر رووداوێکی تاوانکاری سەلمێندراو دەدرێتە دادگا.

باشترین ئومێد بۆ گەشەکردنی فرەیی لە تونس، ئێستا لە ئیدانەکردنی راشکاوانەی توندوتیژیدایە لەلایەن هەموو لایەنەکانەوە. لە کاتێکیشدا هەندێك وای پیشاندەدەن کە حزبی نەهزە هەماهەنگی هەڵسوکەوتەکانی کۆمەڵەکانی پاراستنی شۆڕش یان سەلەفییەکانی کردووە، زۆرکەسی تر پێیانوایە گوتارە رەوانبێژییەکەی یارمەتیدەر بووە لە رەخساندنی کەشێك کە ئەو کۆمەڵانەی تێدا چالاك بووە.

مەترسییەکی ئاشکرایش هەیە لـەوەی ئـەو کۆمەڵانە لەنێو ئامادەکارییەکاندا بۆ هەڵبژاردنێك کە رکابەرییەکی توند بەخۆوە دەبینێت، زیاتر چالاك بن، ئەوەش مەسەلەیەکی گرنگە و دەبێت چارەسەر بکرێت لە کاتێکدا دەوڵـەت لە حاڵەتی دوای شۆڕشەوە دەگوازرێتەوە بۆ پرۆسەیەکی سیاسی دیموکراتی رۆتینی. رەنگە زیادبوونی ئاڵۆزیش رەنگدانەوەی دەزگایەکی تێکچووی ئەمنی بێت لەڕووی ئەرکەوە کە حزبی نەهزە پەیوەندی ئاڵۆزی لەگەڵیدا هەیە بە پشتبەستن بەو ئەزموونەی چەندین سەرکردەی حزبەکە وەك زیندانی سیاسی پێیدا تێپەڕیون. بۆ ئاسانکردنی پرۆسەی چاکسازی و کەمکردنەوەی جەمسەرگیرییش، گرووپە سیاسییەکان پێویستیان بەوە هەیە هەوڵی زیاتربدەن بۆ فراوانکردنی بنکەی سازان لەسەر ژیانی سیاسی، ئەمەش ئەوە دەگرێتەوە کە هەندێك لە عەلمانییەکان ئەوە قبوڵ بکەن کە ئیسلام و گرووپە ئیسلامییە سیاسییەکان بەشێکن لە پرۆژەیەك لە کەشی گشتی، لە کاتێکدا ئەوەش لە حزبی نەهزە دەخوازێت دان بە شەرعیەتی ئۆپۆزسیۆنی رەخنەگر لە دیموکراسی بنێت. دواجاریش، پێویستییەکی زۆر هەیە کە هەوڵێکی هەنوکەیی هەبێت بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ کێشە ئابورییەکانی وڵات بەر لەوەی ببنە مایەی نائومێدبوونی زیاتر لە دیموکراسی و پاڵ بە لاوانی وڵاتەوە بنێن بەرەو توندڕەوی زیاتر.

## لیبیا: لە نێوان پارچە پارچەبوون و نوێبوونەوەدا

لە نێو هەموو ئەو دەوڵەتانەی باکوری ئەفریقیا کە بە قۆناغی گواستنەوەدا تێپەڕدەبن، لیبیا بە درێژترین دووری گەشتەکەی خۆی بەرەو دیموکراتی فرەیی دەست پێکردووە. چونکە لەسایەی حوکمڕانی موعەمەر قەزافیدا حزبی سیاسی لەئارادا نەبوون، دامەزراوەکانی دەوڵەتیش بە ئاستەم بوونیان هەبوو. لە هەندێك لایەنەوە، لیبیا لەدوای شۆڕشەوە ماوەیەکی زۆری بڕیووە، لەسەروی هەمووشیانەوە

ئەنجامدانی هەڵبژاردنێکی نیشتمانی لە هاوینی ساڵی 2012دا، کە تا رادەیەکی زۆر سەرکەوتووبوو، هەروەها ئەنجامدانی زنجیرەیەك هەڵبژاردنی خۆجێییش. بەپێچەوانەی ئەوەشەوە کە لە میسر و تونس روویـدا، دیمەنی سیاسی تازەپێگەیشتوو لە لیبیا بە دابەشبوونی ئایدیۆلۆجی توند سەبارەت بە ئایین و رۆڵی دەوڵەت جیاناکرێتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا وڵات هەر دووربووە لە دامەزراندنی سیستمێکی سیاسی کارا، کە بتوانێت دڵسۆزی گەل کۆنترۆڵ بکات و ناکۆکی نێوان توێژەکانیشی چارەسەر بکات. بێتوانایی حکومەت لە زامنکردنی ئاسایشی وڵات و جیاوازییە ریشەییە بەجێماوەکانی سەردەمی سەرهەنگ قەزافی، هەڕەشەی تەگەرە دروستکردن بۆ چەسپاندنی دیموکراسی دەکەن و پێدەچێت ساڵی داهاتوو هەستیار بێت بۆ دیاریکردنی ئەوەی ئایا دەکرێت خۆ لە ئەگەری پارچەپارچەبوونی لیبیا و هەڵوەشانەوەی بەدوور بگیرێت.

لیبیا پەرلەمانێکی هەڵبژێردراوی هەیە، ئەویش کۆنگرەی نیشتمانی گشتییە، لەگەڵ حکومەتێك کە عەلی زێدانی سەرۆك وەزیران لە نۆڤەمبەری 2012دا پێکیهێنا. وا دیاربوو سەرکەوتنی زێدان لە پێکهێنانی حکومەتێکدا کە بتوانێت پشتیوانی و متمانەی کۆنگرەی نیشتمانی گشتی بەدەستبهێنێت، بنەمایەك بۆ سەقامگیری سیاسی دەڕەخسێنێت، بەڵام سیستمی سیاسی هەر بە ئاڵۆزی و لەرزۆکی دەمێنێتەوە. زۆرێك لە لیبیاییەکان سکاڵای ئەوە دەکەن کە گەیشتن بە چەند ئەندامێکی کۆنگرەی نیشتمانی گشتی زەحمەتە و ئەوان هەوڵی تەواو نادەن بۆ پەیوەندی بەستن لەگەڵ گەلدا.

خێرایی دەستپێکردنەوەی هەناردەکردنی نەوت لەدوای شۆڕشەوە مانای ئەوەیە وڵاتەکە پارەی زۆری هەیە، بەڵام دەزگاکانی دەوڵەت بە شێوەیەکی خراپ کاردەکەن و بەئاستەم دەتوانن بڕیاری کارگێڕی بدەن و جێبەجێی بکەن. رەوشەکەش خراپتر دەبێت لە ئەنجامی

نەبوونی رێککەوتنێکی روونی دا سەبارەت بە دابەشکردنی بەرپرسیارێتی سیاسی لە نێوان حکومەت و کۆنگرەی نیشتمانی گشتیدا. بە بۆچوونی شارەزایانی لیبیایی وا دەرکـەوتـووە کە هەندێك جار کۆنگرەی نیشتمانی گشتی دەسەڵاتی خۆی تێدەپەڕێنێت، لەوانەش بۆ نمونە دەسەڵاتپێدانی کردەوەیەکی سەربازی لەدژی شارۆچکەی بەنی وەلید لە سێپتەمبەری 2012دا.

کۆنگرەی نیشتمانی گشتی پێشکەوتنێکی سستی بەدەستهێنا سەبارەت بە ئەرکی هەنوکەیی پەیوەست بە پێکهێنانی لیژنەی دارشتنی دەستوور. نەیشیتوانی بریار لە چۆنێتی پێکهێنانی لیژنەکە بدات تا فێبرایەری 2013 و وای بەباش زانی هەڵبژاردنی راستەوخۆ بکرێت بۆ سێ لەسەر دووی کورسییەکان و سێیەکیشی لەلایەن هەرسێ ناوچەکەی لیبیاوە دابنرێت، بەگوێرەی ئەوەی لە دواساتی دەنگدانێکی ئەنجومەنی نیشتمانی گواستنەوەی کاتیدا لە ساڵی 2012دا پەسەند کراوە. بەڵام ئێستا تەنانەت ئەم بڕیارەش گومانی لەسەرە، دوای ئەوەی دادگای باڵای لیبیا بڕیارێکی دەرکرد سەبارەت بە پووچەڵکردنەوەی ئەو دەنگدانەی پێشتر ئەنجومەنی گواستنەوە ئەنجامی دابوو. کۆنگرەی نیشتمانی گشتی مانۆڕی سیاسی و حزبایەتی گرنگی بەخۆوە بینی کە بەشێوەیەکی سەرەتایی پشتیان بە دڵسۆزی کەسی و رکابەری بەستبوو لەبری ئەوەی پشت بە ئایدیۆلۆجیا ببەستن، هەرچەندە رەنگە گفتوگۆکان لەبارەی یاسای دابڕینی سیاسی (دواتـر باسی دەکەین)، ئاماژە بن بۆ گۆڕانکاری لە شێوازدا. وادیاریشە کێشەکانی کۆنگرەی نیشتمانی گشتی رەنگدانەوەی لاوازییەکی گەورەترین لە کۆمەڵگەی لیبیادا، کە ئەویش نەبوونی کەلتوری دیالۆگی سیاسییە. وەکو ئەندامێکی سەرکردایەتی پارتی دادپەروەری و بونیاد (خاوەن مەرجەعیەتی ئیسلامی)، دەڵێت: «لێرە کەلتوری گوێگرتن لەوی دیکە نییە، تەنیا بۆچوونی خۆت دەربڕەو بەشێوەی بەکۆمەڵ بگەرە

چارەسەر. ئێمە نازانین چۆن جیاوازبین و لە هەمانکاتیشدا کارەکان لە چواچێوەیەکی شیاودا بهێڵینەوە». لەلایەکی تریشەوە لە لیبیا کەلتوری بەشداری دیموکراتی باڵادەستە وەك ئەو هەنگاوە هاندەرانەی ئەنجومەنە خۆجێییەکانی بەڕێوەبردن سەبارەت بە رێکخستنی هەڵبژاردنی راستەوخۆی خۆویستانە، دەریخست. لەوانەیشە حکومەتە خۆجێییەکان ببنە کۆڕبەندێك و نەریتێکی لیبیاییان تێدا گەشە بکات سەبارەت بە چارەسەری سیاسی.

## میراتی دابەشکاریانەی قەزافی

لەپاڵ نەبوونی ئەزموندا، دامەزراوە سیاسییە تازەپێگەیشتووەکان لە لیبیا رووبەڕوی کێشەیەکی رەگداکوتاوتر و قووڵتر دەبنەوە. چونکە هێشتا بنەمای یەکسانی دیموکراتیان تێدا دانەمەزراوە، بەشێکی گەورەی وڵاتیش پابەندی ئەو عەقڵیەتە شۆڕشگێڕییەیە کە راستگۆیی سیاسی دەبەستێتەوە بە پابەندبوونی رەگداکوتاو و دووپاتکراوە بە مەسەلەی دژایەتیکردنی رژێمی قەزافی. ئەم دیاردەی «شەرعیەتی شۆڕشگێڕی»یەش، وەك ئیلهام سعودی چالاکوانی کۆمەڵی مەدەنی پۆلێنی دەکات، هەڕەشەی لاوازکردنی گۆڕەپانی پەیڕەوکردنی دیموکراسی دەکات بەشێوەیەك کە ئاسۆ و خواستەکان بۆ بەدیهێنانی فرەیی و ئاشتەوایی نیشتمانی، لاواز دەکات. دانیشتووانی شارەکانی وەك میسراتە و زەنتان، کە لە رووکاری پێشەوەی راپەڕینی لیبیادا بوون، بەرهەڵستی ئەوە دەکەن دەستبەرداری حوکمڕانی خۆماڵی حکومەتێکی نیشتمانی بن، کە زۆر کەس گومانی ئەوەی لێدەکەن پابەندی چاکسازی شۆڕشگێڕانەی دەوڵەت نەبێت. بەپێچەوانەشەوە، ئەو شارانەی لە کاتی شۆڕشدا لایەنگری قەزافی بوون، بوونە قوربانی وەکو شارۆچکەی بەنی وەلید کە نزیکە لە میسراتە و لە دوای کوژرانی یەکێك لە جەنگاوەرانی شارەکە لەلایەن میلیشیاکانی

سەر بە شاری میسراتەوە لە پایزی ساڵی 2012دا، هێرشی کرایەسەر. هەروەها سەرجەم دانیشتووانی شارۆچکەیەکی تری نزیك لە میسراتە ئاوارەکران، کە ئەویش شارۆچکەی تاورغایە و ژمارەی دانیشتووانەکەی 35 هەزار کەسە و شانبەشانی قەزافی شەڕی کردبوو، خەڵکەکەشی لە کامپی ئاوارەکاندا مانەوە بەبێ ئەوەی نەهامەتییەکەیان بایەخێکی سیاسی دیاری پێبدرێت. رێکخراوی هیومان رایتس ئۆچ-یش Human Rights Watch بەم دواییانە رایگەیاند مامەڵەکردن لەگەڵ خەڵکی تاورغا رەنگە بگاتە ئاستی تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی.

ساڵی 2012 ئەنجومەنی نیشتمانی بۆ قۆناغی گواستنەوە، دەستەی باڵای بۆ جێبەجێکردنی پێوەرەکانی دەستپاکی و نیشتمانپەروەری پێکهێنا، کە دەسەڵاتی دوورخستنەوەی خەڵکی هەبوو لە ژیانی گشتی لەبەر راوەستانیان دژی شۆڕش یاخود بەشان و باڵداهەڵدانی رژێمی پێشوو. هێڵە گشتییەکانی جێبەجێکردنی ئەم پێودانگە تەمومژاویانەش بە ناڕوونی ماونەتەوە، هەروەك رێوشوێنەکانی ئەم دەستەیە دووچاری رەخنەی گرووپ و رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ بوونەوە و بە ناڕوون وەسفیان کردن. چونکە دەستەکە ناوی دوو ئەندامی شارۆچکەی بەنی وەلیدی سڕیەوە، کە هەڵبژێردرابوون بۆ کۆنگرەی نیشتمانی گشتی و شارۆچکەکە بەبێ نوێنەری سیاسی هێڵرایەوە. بەم دواییانەش، کۆنگرە کەوتە گفتوگۆ لەبارەی یاسای «دابڕینی سیاسی» کە رەنگە دوورخستنەوە و لابردنی ئەو کەسانە زیاتر بکات کە پەیوەندییان بە رژێمەکەی قەزافییەوە هەبووە. رەشنوسی یاساکە بە زۆر هەمەلایەن دادەنرێت، چونکە رێگە لە 36 توێژی هاوڵاتیان دەگرێت لەوانەی پەیوەندی «سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و ئیداری»یان لەگەڵ رژێمی پێشوو هەبووە. بەپێی یاساکە ئەگەر پەسەند بکرێت، زۆربەی سەرکردە سیاسییەکانی ئێستا لە لیبیا

لەبەردەم ئەگەری دوورخستنەوەدا دەبن لە ژیانی سیاسی، بە عەلی زێدانی سەرۆك وەزیران و محەمەد مقریف سەرۆکی کۆنگرەی نیشتمانی گشتیشەوە (کە هەردووکیان دیپلۆماتکاری پێشوون)، هەروەها مەحمود جبریل وەزیری پێشووی ئابوری لە سەردەمی رژێمی قەزافی و سەرکردەی ئێستای ئەو هاوپەیمانێتییەی زۆرینەی دەنگەکانی لە هەڵبژاردنی ساڵی 2012 دا بەدەستهێناوە. هەروەها بەپێی یاساکە بەشێکی زۆری ئەو کەسانەی لە بەڕێوەبردنی دەوڵەت و دادوەریدا کاردەکەن، دەستبەجێ لە کار لادەبرێن، کە ئەمەش بەشێوەیەکی زیاتر تەگەرە بۆ کاری حکومەت دروست دەکات.

چەندین ئەندامی کۆنگرە بەباشی دەزانن رەشنوسەکە هەموار بکرێت بۆ کەمکردنەوەی بوارەکەی. بەڵام پرۆژەیاساکە بۆتە چەقی هەڵمەتێکی گەرمی لایەنگرانی کە خۆپیشاندانێکی جەماوەرییان لە دەرەوەی بارەگای کاتی کۆنگرەی نیشتمانی گشتی رێکخست و تێیدا تەقە لە ئۆتۆمبیلەکەی مقریف کرا. حزبی دادپەروەری و بونیادی ئیسلامیش بەتوندی کەوتەگەڕ بۆ پشتیوانیکردنی رەشنوسی یاساکە، ئەمەش مەترسی قووڵکردنەوەی جیاوازی لەگەڵ ئەو کوتلە لیبراڵەدا خوڵقاند کە هاوپەیمانی هێزە نیشتمانییەکان بە سەرۆکایەتی جبریل، رێبەرایەتی دەکـات. لە هەمانکاتیشدا هیچ پێشکەوتنێکی ئەوتۆ لەسەر ئاستی دادپەروەری لە قۆناغی گواستنەوەدا نەهاتەدی بۆ سزادانی ئەوانەی بەرپرس بوون لە خودی تاوانەکان لە سەردەمی قەزافیدا، هەروەك ستراتیجێکی روون لەئارادا نییە بۆ هێنانەدی چاکسازییەکی فراوانتر لە کەرتی دادی لیبیادا. بەپێی قسەی یەکێك لە پارێزەرە پێشکەوتنخوازەکانیش «چاکسازی داد بە ئەولەویەت دادەنرێت ئەگەر ویستی ئەوە هەبێت سیستمی سیاسی نوێ متمانەی خەڵك بە دەست بهێنێت».

بەڵام وەك بارودۆخی دەوڵەتانی راگـوزەری دیکە، دەکرێت چاکسازی ببێتە جێی متمانە تەنیا ئەگەر لەلایەن کۆدەنگییەکی

سیاسی فراوانتر و خاڵی لە گومانی هەبوونی ئەجێندای حزبی، پشتیوانی بکرێت. لەم کاتەشدا ئەرکی دۆزینەوەی هاوسەنگی لە نێوان داواکارییەکانی شۆڕشگێڕان و پێویستی بۆ چاکسازی و تێکەڵبوونی سیاسی، بەبێ چارەسەر دەمێنێتەوە.

## سنوری حوکمی یاسا

ئـەم گرژیانەی نـاو کۆمەڵگەی لیبیا لەگەڵ کێشە هەرە هەنوکەییەکەی وڵات کە بێ توانایی حکومەتە لە چەسپاندنی یاسا و پاراستنی سیستم و زامنکردنی ئاسایشی هاوڵاتیانی، تێکەڵ دەبن. چونکە هێشتا بەشێکی زۆری وڵاتەکە لەژێر کۆنترۆڵی گرووپە چەکدارەکاندایە، ئەگەرچی هەندێك لەم چەکدرانەش بەرە بەرە دەستیانکردووە بە تێکەڵبوون بە هێزە ئەمنییە حکومییەکان، بەڵام روون نییە بەشێوەیەکی راستەقینە لەژێر کۆنترۆڵی حکومەتدا بن. هەندێك گرووپی دیکەش بە رەهایی بەردەوامن لە رەتکردنەوەی دەسەڵاتی دەوڵەت. یەکێك لەم گرووپە رەتکەرەوانە لە سەلەفییە جیهادییەکان پێکدێت و لە ناوچەی بەنغازی خۆرهەڵاتی وڵاتەکەدا جێگیرە و ئەو میلیشیلیانەش لە خۆدەگرێت کە بەرپرسیارن لە کوشتنی کریستوفەر ستیڤنز باڵیۆزی ئەمریکا لە لیبیا لە سێپتەمبەری 2012دا و هێرشکردنە سەر کەنیسەی قیبتییەکان لە بەنغازی لە مارسی 2013دا. لەکاتێکیشدا زۆربەی شیکەرەوەکان بەردەوامن لەسەر ئەو باوەڕەی ئەم گرووپە توندڕەوانە تەنیا پشتیوانییەکی سنوورداریان هەیە لەناو دانیشتووانی ناوچەکەدا، هەندێکی دیکە لەوە دەترسن دانیشتووانی ناوچەکانی خۆرهەڵات باوەڕیان بە حکومەتی ناوەندی نەمێنێت ئەگەر حکومەت نەتوانێت کۆنترۆڵی ناوچەکانیان بکات.

هەروەها میلیشیاکانی دیکەش وەکو میلیشیاکانی زنتان و میسراتە ملکەچبوونیان بۆ دەسەڵاتی حکومەت رەتکردەوە، چونکە متمانەیان

بە راستگۆیی شۆڕشگێڕانەی سەرکردایەتی سەربازی نییە. مەترسی ئەم میلیشیایانەش لەسەر فرەیی سیاسی لە رێی دەستلەکارکێشانەوەی ئەم دواییە ئەندامێکی دیاری کۆنگرەی نیشتمانی گتشییەوە رووندەبێتەوە، کە لێدوانی ئاشکرای لەدژی میلیشیاکان دابوو و لە ئەنجامدا هەڕەشەی کوشتنی لێکرا. ئەگەر مشتومڕ سەبارەت بە یاسای دابڕینی سیاسی بە وریاییەوە چارەسەر نەکرێت، رەنگە ببێتە ئامڕازێك بۆ گواستنەوەی ئەم شەپۆلی توندوتیژییەی ئێستای لیبیا بۆ بواری سیاسیش.

وادیارە پەیوەندی نێوان حکومەتی ناوەندی و حکومەتی هەرێمەکان ئاڵۆزترین کێشەیە کە رووبەڕوی لیژنەی دەستووری دەبێتەوە لە کاتی هەڵبژاردنیدا. لەگەڵ ئەوەشدا گەیشتن بە چارەسەرێك سەبارەت بەم بابەتە رەنگە بێتەدی ئەگەر بارودۆخی وڵات بەر لە دەستپێکردنی پرۆسەی دارشتنی رەشنوسی دەستوور، زیاتر ئاڵۆز نەبێت. دێوەزمەی فیدراڵی بووە هۆی دەستپێکردنی گفتوگۆی توند لە نێوان گرووپە سیاسییەکان و لە کەناڵەکانی راگەیاندنیشدا، بەڵام زۆرێك لە چاودێران لەو باوەڕەدان کە کاتێك ئەم وشەیە، واتە فیدراڵی، دەخرێتە لاوە، ئەوا جیاوازییەکانی نێوان بۆچوونی باو لە ناوچە جیاجیاکانی لیبیادا، زۆر گەورە نین. بەپێی قسەی شارەزایەکی خۆرئاوایی کە سەرپەرشتی چەند وۆرکشۆپێکی کردووە لە چەند ناوچەیەکی جیاوازی لیبیادا، تەنانەت ئەوانەش کە لامەرکزییەکی زیاتریان پێ باشە، گومانیان لەوە نییە کە دەبێت سەرچاوە نەوتییەکانی وڵات بەسەر هەموو لیبیاییەکاندا دابەش بکرێت، ئەگەرچی ئەم تێگەیشتنە دەرناکەوێت ئەگەر گرژی و ئاڵۆزی هەرێمایەتی لە زیادبووندا بێت. ئەو ژێرخانەی بەهۆیەوە نەوت دەنێردرێتە بازاڕەکان، لەسەر بنەمایەکی نیشتمانی بەڕێوەدەبرێت. بەڵام وادیـارە لەگەڵ بەردەوامبوونی چارەسەرنەکردنی کێشە کۆمەڵایەتییەکانیدا، ناڕەزایی لە ویلایەتی فەزانی باشوری لیبیا زیادی کردووە، ئەمەش هۆکاری هەوڵی تیرۆرکردنی مقریف لە فەزان، لەسەرەتای ساڵی 2013دا رووندەکاتەوە.

پێدەچێت ئایین کێشەیەکی گەورەی جێ ناکۆکی نەبێت لە دەستووری لیبیادا وەك لە میسر و تونسدا هەیە. ئەمەش بۆ لاوازی ئەدای رێژەیی حزبی ئیسلامی لە هەڵبژاردندا ناگەڕێتەوە – کە رەنگە لە هەڵبژاردنی داهاتوودا گەشە بکات – بەڵکو دەگەڕێتەوە بۆ سازانی گشتی لەڕێی شەبەنگی سیاسییەوە سەبارەت بە گرنگی بەها ئیسلامییەکان بۆ دەوڵەتی لیبیا. لە لیبیادا بزوتنەوەیەکی چالاکی رێکخراوی ژنان نییە، هەندێك لە ژنانیش لەوە دەترسن دەستوور ئەوەندە بەهێز نەبێت کە لە داهاتوودا رێگە لە پاشەکشەکردنی چاوەڕوانکراوی مافەکانی ژنان بگرێت. مەسەلەیەکی گرنگیش هەیە بۆ سیستمی سیاسی نوێ، ئەویش ئەوەیە ئایا دەتوانێت خواستەکانی گرووپە ئەتنیکییە ناعەرەبییەکان، لە پێش هەمووشیانەوە ئەمازیغییەکان رازی بکات، کە رێژەیان بە نزیکەی لەسەدا 10ی کۆی دانیشتووانی لیبیا مەزەندە دەکرێت. لە ئامێزگرتنی نەتەوەی عەرەب لەلایەن قەزافییەوە بووە مایەی رێگرتن لە زمان و میراتی کەلتوریی کەمینە ناعەرەبییەکان و چەوساندنەوەی چالاکوانە ئەتنیکییەکان. سەرەڕای بەشداریکردنی ئەمازیغییەکان لە شۆڕشدا، بەڵام دەڵێن لە چارەسەر سیاسییە نوێیەکاندا بەردەوام بەرژەوەندییەکانیان پشتگوێ خراوە و داوای هەندێك دانان بە مافیان لە بەکارهێنانی زمانەکەیان دەکەن لە دەستووردا. رەنگە گرووپی بچووکی دیکەش بەتایبەتی تەبو و تەواریقەکان، رووبەڕوی ململانێیەکی توندتر ببنەوە بۆ مسۆگەرکردنی پێگەیەك لە سیستمی سیاسی نوێی لیبیادا لەبەر پەیوەندیی پێشوویان لەگەڵ هێزە چەکدارەکانی قەزافیدا.

پاش ساڵ و نیوێك لە رووخانی قەزافی، گەلی لیبیا تا ئێستا تێڕوانینێکی هاوبەشی بۆ کۆمەڵگەی دیموکراتی هەڵنەگرتووە، کە پشك بداتە هەموو گرووپە ئەتنیکییە جیاجیاکان لە لیبیادا. زنجیرەیەك ئاڵۆزی تێکەوڵاوی دیکەش – سەبارەت بە پابەندبوون

بە شۆڕشەوە، هاوسەنگی هەرێمایەتی، ئاسایش، ئەتنیك و دابەشکردنی قازانجە ئابورییەکان - لە سەر رێگای چەسپاندنی یەکێتییەکی نیشتمانی پێویست بۆ دامەزراندنی سیستمێکی سیاسی هەمەلایەن و سەقامگیر، دەوەستن. سەرهەڵدانی کەلتورێکی دیموکراتی چالاکیش لە شارەکانی لیبیادا ئاماژەیەکی هاندەرانەیە، بەڵام پێویستی بەوە هەیە هاوسەنگ بێت ئەویش لەڕێی گەشەپێدانی دەوڵەتێکی کاراوە کە بتوانێت یەکگرتوویی وڵات بپارێزێت و ببێتە ناوبژیوان لە نێوان گرووپە جیاجیاکان و بەرژەوەندییەکانیاندا. ئەگەر حکومەتی ئێستا و کۆنگرەی نیشتمانی گشتیش بتوانن دەرفەتەکە بقۆزنەوە بۆ دارشتنی تێڕوانینێکی باوەڕپێهێنەر بۆ بەرژەوەندی نیشتمانی، رەنگە ئەوە هێزێکی پاڵنەری پێویست و داواکراو بێنێتەئاراوە بۆ تێپەڕاندنی ئەو تۆڕە ئاستەنگانەی لەبەردەم مکومکردنی دیموکراسی و فرەییدایە. هونەری چارەسەرکردنی سیاسی و تێڕوانین کارێکە پێویستە سیاسەتمەدارە لیبیاییەکان فێری ببن، بەڵام بوارێکیش هەیە بۆ دەوڵەتانی دیکە تا پرۆسەکە هان بدەن و هەوڵەکانی ئێستا بۆ یارمەتیدان لە گەشەپێدانی دامەزراوەییدا فراوان بکەن، وەکو بنیاتنانی توانای حکومی، راهێنانی پەرلەمانتاران و دامەزراندنی سیستمێکی دادوەری و ئەمنی باوەڕپێکراو.

## کۆتایی

## پەیوەندی نێوان فرەیی و سەقامگیری و چاکسازی

ئەو سێ دەوڵەتەی باکوری ئەفریقیا کە بە قۆناغی وەرچەرخاندا تێدەپەڕن، رووبەڕوی هەمان کێشەی ناوەندی بوونەتەوە کە تایبەتە بە بنیاتنانی چارەسەرە سیاسییەکان لە رێگەی سازانەوە ئەو کاتەی کرانەوەی کایەی سیاسی کار بۆ دەستکراوەیی هەردوو پرۆسەی رکابەری و پارچەپارچەبوون دەکات. وا دیاربوو کە هەردوو پارتی

ئیسلامی فەرمانڕەوا لە میسر و تونس جیاوازی نێوان دەسەڵاتپێدانی هەڵبژاردن و بەرژەوەندی گشتیان لەبەرچاو نەگرت، لە کاتێکدا گرووپەکانی ئۆپۆزسیۆن هەندێك جار مەیلیان بەلای ئەوەدابوو، هەر پەیڕەوکردنێکی دەسەڵاتی سیاسی رەت بکەنەوە (ئەمەش چەندین بانگهێشتی یەك لەدوای یەکی بۆ پێکهێنانی حکومەتێکی یەکێتیی نیشتمانی لێ کەوتەوە). لە لیبیا، دابەشبوونی سیاسی هێشتا زۆر روون نەبۆتەوە، بەڵام ئاڵۆزییەکی هاوشێوە هەیە لە نێوان پێویستی بۆ تێڕوانینێکی یەکگرتوو و پرۆسەی حزبایەتی و دابەشبوونە بۆماوەییەکانی حوکمی قەزافی. لە قۆناغەکانی گواستنەوەشدا کایەی سیاسەت پێویستی بە پێناسە و دیاریکردن هەیە. لە هەرسێ حاڵەتەکەشدا ئەوە روونە کە چاکسازی لە دامەزراوەکانی دەوڵەتدا کاریگەر نابێت ئەگەر لەسەر بنەمای متمانەی کۆمەڵایەتی نەبێت ئەویش بۆ ئەوەی پەڵەی ئەجێندای حزبی هەڕەشەی لێ نەکات. چەندیش سیستمە هەڵبژێردراوەکانی دەوڵـەت بۆ پتەوکردنی دەسەڵاتیان بەکاربهێنن، ئەوا هاندەری ئەنجامدانی چاکسازییەکی راستەقینە هەر بە لاوازی دەمێنێتەوە.

ناکۆکییە بەرفراوانەکان سەبارەت بە ئایین یاخود ئامانجە شۆڕشگێڕییەکان یان ئینتیمای دیکە، لە پاڵ میراتێکی رژێمە زۆردارەکـان، کاریان بۆ ئەوە کردووە بێ متمانەیی لە نێو گرووپە بەشەڕهاتووەکاندا قووڵتر بکەنەوە. بەڵام داینامیکی سیاسی بۆ قۆناغەکانی گواستنەوە لە کرۆکدا پێش هەر شتێك بەهۆی هاوسەنگی هێز لە هەر وڵاتێکدا داڕێــژراوە. ئەمەش تا رادەیـەکـی زۆر بە مەسەلەی هێزی سیاسی دادەنرێت هەر وەك چۆن لە هەڵبژاردنی گشتی و لە رێی ئەو شەرعیەتەی لێکەوتۆتەوە، گوزارشتی لێکرا. بەڵام چەند هێزێکی دیکە خۆیان وا پیشان دا کە ئامادەن بەڕووی هەر سەنگەرگیرییەکی زۆرداریدا بوەستنەوە، لەوانەش کۆمەڵگەی مەدەنی و

سەندیکا پیشەییەکان و جوڵانەوە گشتییە نارازییەکان. چەندەیش گرووپەکانی کەمینە یاخو توێژی تری کۆمەڵگە لە نوێنەرایەتیکردنی سیاسی دادپەروەرانە دووربخرێنەوە، ئەوا تواناکانیان لەدژی هەر چارەسەرێکی تازەپێگەیشتوو کۆدەکەنەوە. یەکێك لە روونترین وانەکانی قۆناغی گواستنەوەش هەتا ئێستا ئەوەیە کە سەقامگیری و گەشەپێدانی ئابوری لەم دەوڵەتانەدا نایەتەدی لەڕێی رێوشوێنی سیاسی سازان لەسەرکراوەوە نەبێت بە شێوەیەکی گشتی.

رەنگە پێویستی بۆ رادەیـەك لە گونجانی کۆمەڵایەتی وەك بنەمایەك بۆ گەشەپێدانی ئابوری نوێبووەوە، هاندەرێك بۆ هەموو هێزە سیاسییە سەرەکییەکان بڕەخسێنێت، بە ئیسلامی و عەلمانیانەوە، تا پێکەوە بەشێوەیەکی پراگماتی کاربکەن بۆ دەستنیشانکردنی ئەو سیستمە سیاسیانەی هەموویان بەرژەوەندیان تێیاندا هەیە. بەڵام مەترسی ئـەوەش هەیە ئەڵقەیەکی شەڕەنگێز لە جەمسەرگیری و ئاڵۆزیی روولەزیادبوو دروست ببێت کە خۆی لەسەر ئەو مەیلە جێنیگەرانییەی توندوتیژی سیاسی دەژیێنێت کە- بە پلەی جیاواز - لەو سێ دەوڵەتەدا لەدروستبووندایە. بەعەسکەرتاریکردنی سیاسەت دیارترین مەترسییە لەبەرامبەر گەشەکردنی پرۆسەیەکی ناوبژیوانی دروست لە نێوان ئەو بەرژەوەندییە جیاوازانەی، کە فرەیی بەشێوەیەکی ناوەندی پشتیان پێدەبەستێت. ئەولەویەتی یەکەمیش خۆی لە کارکردن بۆ کۆکردنەوەی هێز لە دەستی دامەزراوە ئەمنییە حکومییەکاندا دەبینێتەوە، کە بچنە ژێرباری لێپرسینەوە بەشێوەیەکی دیموکراتی، ئەمەش مەترسی بەکارهێنانی توندوتژیی ناهێڵێت لەلایەن میلیشیا حزبییەکانەوە یاخود سەرکوتکردن لەلایەن ئەو دەزگا ئەمنیانەی بەچوونەتە ژێرباری چاکسازییەوە.

هەروەها چاکسازی لە دامەزراوەکانی وەك دامەزراوەی دادوەریشدا پێویستە، ئەویش بۆ ئەوەی رۆڵی خۆی وەك دادوەرێکی جێمتمانە

لەنێوان بەرژەوەندییە سیاسییە جیاوازەکانی وڵاتدا بگێڕێت و دەسەڵاتی یاسا لە ژیانی گشتیدا پتەو بکات. لەوەش زیاتر پێویستیەك هەیە بۆ توانایەکی نوێبووەوە لە هەموو دەوڵەتەکاندا بەمەبەستی فراوانکردنی بـواری دانوستانی سیاسی، بە ئامانجی بنیاتنانی چەند سیستمێك کە دان بە بژاردە سیاسیەکانی جەماوەردا بنێن، بەجۆرێك بیانخەنە چێوەیەکی فراوانتری کارکردن کە بەرژەوەندییە جەوهەرییەکانی هەموو گرووپەکان لەبەرچاو بگرێت. لەسەر ئەم بنەمایەش پێویستە هێزە عەلمانی و ئیسلامییەکان ئەگەری دۆڕاندن قبوڵ بکەن و ئامادەش بن بۆئەوەی رۆڵی ئۆپۆزسیۆنێکی بەرپرسیار بگێڕن.

## یەکێتیی ئەوروپا چۆن دەتوانێت یارمەتیدەر بێت؟

کەواتە ئەو رۆڵە چییە کە یەکێتیی ئەوروپا دەتوانێت بیگێڕێت بۆ یارمەتیدانی وەرچەرخانەکانی ئێستای ئەو سێ وڵاتە، تا بەو ئاڕاستەیەدا بڕۆن؟ پێویستە هێزە دەرەکییەکان هەستیاربن سەبارەت بە دەستوەردانی ئاشکرا لە گفتوگۆ سیاسییە بنەڕەتییەکان دا. لەگەڵ ئەوەشدا یەکێتیی ئەوروپا بەرژەوەندی رەوای لەو دیموکراسیەتەدا هەیە کە لە باشوری دەریـای ناوەڕستدا دروست دەبێت و چەند هەنگاوێکیش هەیە دەتوانێت بیانگرێتەبەر بۆ دانانی کاریگەری لەسەری.

میکانیزمی مەرجداری – کە خۆی لە بنەمای «زیاتر لە پێناوی زیاتردا» دەبینێتەوە و چەقی ستراتیجی دراوسێ نوێیەکەی یەکێتیی ئەوروپای پێکهێناوە – چێوەیەکی گشتی کارکردن دەستەبەر دەکات بۆ پشتیوانیکردنی ئەوروپا لەو دەوڵەتانەی بە قۆناغی گواستنەوەدا تێپەڕ دەبن، بەڵام وەکو رێگایەك بۆ هەوڵی راستکردنەوەی رێچکەی شۆڕشەکانی ئەو دەوڵەتانە، کەموکوڕی تێدایە. خشتەی زەمەنی یارمەتییەکەی ئەوروپاش وا لەقەڵەم دەدرێت کە لەوە دووردرێژترە

بـوار لەبەردەم دەستوەردانی سیاسی ورددا بکاتەوە، تەنانەت کارکردنی دووقۆڵی لەلایەن دەوڵەتانی ئەندامی یەکێتییەکەشەوە رەنگە ئامرازێکی گەمژانە بێت بۆ وەڵامدانەوەی ئەو بارودۆخە سیاسیە شل و شێواوە. بەهەر حاڵ، پاساوی بەهێز هەن بۆ بڕینی هاوکاری یان هەر پەیوەندییەکی تر لەگەڵ ئەو دەوڵەتانەی لەم قۆناغەدا دیموکراسی بەخۆیانەوە دەبینن: بۆ نموونە میسر و تونس بەکرداری رووبەڕوی کێشەی ئابوری و کۆمەڵایەتی جددی بوونەتەوە و پێدەچێت ئاستەنگی زیاتر ببێتە مایەی گرژییەکی جەماوەری و هەنگاونان بەرەو توندڕەوی سیاسی. دەشبێت بڕیاری بڕینی هاوکاری یاخود هەڵپەساردنی وەك رێوشوێنێك هەڵبگیرێت بەجۆرێك بتوانرێت بگەڕێنەوە سەری کاتێك سیستمە فەرمانڕەواکان «هێڵی سور»ی دیاری پەیوەست بە خاڵە جەوهەرییەکانی دیموکراسی دەبەزێنن، ئەویش لەڕێی، بۆ نمونە چاوپۆشین لە پەیڕەوکردنی توندوتیژی بەجۆرێك پێچەوانەی یاسا بێت یاخود تەگەرخستنە بـەردەم رێکخستنی هەڵبژاردنی ئازاد و دادپەروەرانە.

بەڵام یەکێتیی ئەوروپا دەتوانێت جیاوازییەك لە شەرعیەتی سیاسی سیستمە فەرمانڕەواکاندا دروست بکات، لەڕێی دەرکەوتنی وەك لایەنگری کارەکانیان یان بەپێچەوانەوە. چونکە شەرعیەت بەشێکی سەرەکییە لە دەسەڵات لەو دەوڵەتانەی قۆناغی گواستنەوە بەخۆیانەوە دەبینن، دەستخۆشی و بەشداری بیانیش دەبنە مایەی پتەوکردنی راستگۆیی سەرکردە سیاسییەکان. پێویستیشە یەکێتیی ئەورپا دوودڵ نەبێت سەبارەت بە قسەکردنی راشکاوانە لە هەردوو ئاستی تایبەت و گشتیدا، لەبارەی ئەو ئاڕاستەیەی حکومەتەکان دەیگرنەبەر. لەراسیشدا ئاماژەی ئەوە لەبەردەستدایە کە سەرکردەکانی ئەوروپا ئەو کارەیان دەستپێکردووە. بۆ نموونە لە لێدوانێکی کاسرین ئاشتۆن، نوێنەری باڵای کاروباری دەرەوە و ئاسایشی یەکێتیی ئەوروپادا لەبارەی

میسرەوە لە مارسی 2013دا، باسی مەترسییەکانی کرد سەبارەت خراپ مامەڵەکردنی پۆلیس و ئەشکەنجەدان و پێشێلکارییەکانی دیکەی مافەکانی مرۆڤ. بەهەمانشێوە و لەکاتی سەردانی مورسی بۆ بەرلین لە یەنایەری 2013دا، ئەنگێلا مێرکل راوێژکاری ئەڵمانیا بەتوندی داکۆکی لە فرەیی سیاسی کرد. دواجاریش، ئاستی گەرموگوڕی یان دووری رایەڵەکانی ئەوروپا لەگەڵ ئەم دەوڵەتانەدا رەنگە کاریگەریان لەسەر ئەو رەوتە هەبێت کە ئەو پەیوەندییانە گەشەی پێدەکەن.

پێویستە یەکێتیی ئەوروپا بەردەوام بێت لە سوربوونی لەسەر ئەوەی کارکردن لەپێناو کۆدەنگییەکی سیاسی تەنیا رێگایە بەرەو هێنانەدی سەقامگیری و خۆشگوزەرانی، بە وەبەرهێنانی بیانی و گەشتیاریشەوە کە زۆر پێویستن. هەروەها پێویستە سەرکردەکانی ئەوروپا بەڕوونی بـاوەڕی پتەویان دەرببڕن سەبارەت بەوەی بەرژەوەندییەکانی گەلانی ئەم دەوڵەتانە و چەسپاندنی دیموکراسی، پێویستیان بە سیستمی سیاسی کراوە و هەمەلایەن هەیە، کە هەموو توێژەکانی دانیشتووان پشکێکی دادپەروەرانەیان تێدا هەبێت، هەروەها بوونی ئۆپۆزسیۆنێکی رەخنەگر و میدیایەکی سەربەخۆ و دامەزراوەی بێلایەنی دەوڵەت و کۆمەڵگەیەکی مەدەنی کارا، ئامرازی پێویستی فرەیین. رێکخستنی هەڵبژاردنی ئازادیش میکانیزمێکی بنەڕەتی دەبێت بۆ راستکردنەوەی پرۆسەی سیاسی گواستنەوە، چونکە پێویستە یەکێتیی ئەوروپا ئەگەر بکرێت، بەڕێوەچوونی هەڵبژاردن و چاودێریکردنی بکاتە ئەولەویەت. هەروەها پێویستە سەرکردەکانی یەکێتیی ئەوروپا هەوڵبدەن پەیوەندییەکانیان لەگەڵ سیاسەتمەدارانی ئۆپۆزسیۆن بەکاربهێنن بۆ هاندانیان بۆ بەشداریکردنی بنیاتنەرانە لە سیاسەتدا، بۆ ئەوەی چوارچێوەیەکی دیموکراتی گونجاو هەبێت بۆ کـارکـردن، هەروەها دەبێت ئامادەبن بۆ سەفەرکردنیش بۆ ناوچەکە لەو ماوانەدا کە قەیران بەخۆیەوە دەبینێت (وەکو قەیرانە

دەستوورییەکەی میسر)، ئەویش بۆ زیادکردنی هەژموونیان لەپێناو دیالۆگدا.

هەروەها پێویستە یەکێتیی ئەوروپا بەردەوام بێت لە هەوڵەکانی بۆ پشتیوانیکردنی چاکسازی لە دامەزراوەکانی ئەو سێ دەوڵەتدا – بە خزمەتگوزاری ئەمنی و دادوەری و کەناڵەکانی راگەیاندن و پەرلەمانەکانیشەوە – ئەمە جگە لە بەردەوامبوون لە پێشکەش کردنی یارمەتی بۆ بنیاتنانی کۆمەڵگەی مەدەنی. بەڵام لە مەودای دووردا، باشترین رێگە بۆ دروستکردنی کاریگەری لەسەر گەشەپێدان لەم کۆمەڵگایانەدا، خۆی لە بەرنامەیەکی بەرفراوانی کارلێکی کۆمەڵایەتیدا دەبینێتەوە لە هەموو ئەو کارانە زیاتر بێت، کە تا ئێستا یەکێتیی ئەوروپا ئەنجامی داون. هەروەها رەنگە بەرنامەیەکی ئاڵوگۆڕکردن کە مامۆستا و خوێندکار و دەرفەت بۆ لاوان لە ئەوروپا و باکوری ئەفریقیا بگرێتەوە، بەجۆرێك لە ناوچەی هەر یەکێکیاندا کاربکەن، زیاتر لە هەر شتێکیتر کار بۆ پتەوکردنی تێگەیشتنی هاوبەش بکات، لەوانەیشە کاریگەری هەبێت لەسەر تێڕوانینە باوەکان لە باکوری ئەفریقیا سەبارەت بەو مەسەلانەی پەیوەندیان مافەکانی ژنان و مافی کەمینە ئایینییەکانەوە هەیە. هەروەك دەکرێت یارمەتیدەربێت بۆ دروستکردنی کاریگەری لەسەر بۆچوونەکانی ئەوروپا بە ئاڕاستەی تێگەیشتنی زیاتر لە جیهانی عەرەبی. بەلەبەرچاوگرتنی کێشە ئابورییەکانی تایبەت بە یەکێتیی ئەوروپا و سەرهەڵدانی بزوتنەوە جەماوەرییەکانیش، ئەوا رەنگە جێبەجێکردنی ئەمجۆرە بەرنامەیە لە مەودای کورتدا زەحمەت بێت، بەڵام ئایندەی پەیوەندی نێوان ئەوروپا و باکوری ئەفریقیا گرنگییەکی زۆری هەیە بۆ یەکێتیی ئەوروپا و رەنگە ئەم هەستەش باوەڕ بە گەلان و سیاسەتمەدارانی ئەوروپا بهێنێت کە بۆچوونێکی دوورمەوداتر پەیڕەو بکەن.

## کورتەیەك لەبارەی نووسەرەوە

ئەنتۆنی دۆرکن، هاوکارێکی یەکەمی سیاسەتەکانە لە ئەنجومەنی ئەوروپا بۆ پەیوەندی دەرەوە، کە تێیدا لە بواری دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ و حوکمی یاسا کار دەکات. چەندین لێکۆڵینەوەی هەیە سەبارەت بە وەرچەرخانە دیموکراتییەکان لە باکوری ئەفریقیا کە ئەنجومەنی ئەوروپا بۆ پەیوەندییە دەرەکییەکان بڵاوی کردوونەتەوە لەوانە «تێڕوانینێکی نوێ بۆ دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ» «A New Vision for Democracy and Human Rights» (بە بەشداری سوزی دینیسۆن، 2011) و «پێداچوونەوەی هێز لە پەیوەندییەکانی نێوان ئەوروپا و باکوری ئەفریقیا» «A Power Audit of EU-North Africa Relations» (بە بەشداری نیك ویتنی، 2012). هەروەك چەند لێکۆڵینەوەیەکی ئامادەکردووە سەبارەت بە ستراتیجی مافەکانی مرۆڤ لە یەکێتیی ئەوروپا، هەروەها سەبارەت بە بنبڕکردنی تیرۆر.

پێشتریش لە پۆستی بەڕێوەبەری جێبەجێکاری پرۆژەی تاوانەکانی جەنگدا بووە، بەشداریشی کردووە لە نووسینی کتێبی «تاوانەکانی جەنگ: پێویستە خەڵکی ئاسایی چی بزانن؟» «Crimes of War: What the Public Should Know» (چاپی دووەم، نۆرتۆن، 2007).

# بەرهەمە چاپکراوەکانی دەزگای ئایدیا

| ژ | ناوی بەرهەم | نوسەر | وەرگێڕ | ساڵی چاپ |
|---|---|---|---|---|
| 1 | ئاشنابوون بە ئەفلاتوون | ڕێباز مستەفا | | 2014 |
| 2 | ئاشنابوون بە سپینۆزا | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 3 | ئاشنابوون بە کیرگە گۆر | شۆرش مستەفا | | 2014 |
| 4 | ئاشنابوون بە شۆپنهاوەر | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 5 | ئاشنابوون بە کارل پۆپەر | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 6 | ئاشنابوون بە ئالان تۆرین | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 7 | ئاشنابوون بە سوقرات | لوقمان رووف | | 2014 |
| 8 | ئاشنابوون بە ئەرستۆ | ڕێباز مستەفا | | 2014 |
| 9 | ئاشنابوون بە قەشە ئاگۆستین | سەرهەنگ عەبدولرەحمان | | 2014 |
| 10 | ئاشنابوون بە جان جاك رۆسۆ | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 11 | ئاشنابوون بە دیڤد هیوم | مستەفا زاهیدی | | 2014 |
| 12 | ئاشنابوون بە نیچە | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 13 | ئاشنابوون بە فرۆید | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 14 | ئاشنابوون بە جۆن لۆك | عەتا جەمالی | | 2014 |
| 15 | ئاشنابوون بە لینین | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 16 | ئاشنابوون بە ئەریك فرۆم | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 17 | ئاشنابوون بە قوتابخانەی فرانکفۆرت | عوسمان حەمە ڕەشید | | 2014 |
| 18 | ئاشنابوون بە بزوتنەوەی فیمینیزم | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 19 | بلیمەتی و شێتی | بازگر | | 2014 |
| 20 | ئاشنابوون بە کریشنا مۆرتی | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 21 | ئاشنابوون بە سکیۆلاریزم | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 22 | ئاشنابوون بە سیمۆن دیبۆڤوار | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 23 | ئاشنابوون بە ڤێرجینیا وۆلف | لوقمات رووف | | 2014 |
| 24 | ئاشنابوون بە یۆرگن هابرمانس | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 25 | ئاشنابوون بە درێدا | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 26 | مەکری ئیسلامییەکانی کوردستان | ماجد خەلیل | | 2013 |
| 27 | کتێبی سور | ماو تسی تۆنگ | فازل حسێن مەلا رەحیم | 2014 |
| 28 | سەیران بۆ سەرێکانی | ستران عەبدوڵڵا | | 2014 |
| 29 | گەندەڵی | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | | 2014 |
| 30 | یوتۆپیا | کۆمەڵێک نوسەر | پێشەوا فەتاح | 2015 |
| 31 | لە قەندیلەوە بۆ کۆبانێ | ئەنوەر حسێن  شۆڕش مستەفا | | 2015 |
| 32 | پریسترۆیکای بەهاری عەرەبی | ئەنوەر حسێن (بازگر) | | 2015 |
| 33 | گەشتە بێ ئاکامەکانی سەرکردەیەک | بریتا بولەر | رێکەوت ئیسماعیل | 2015 |
| 34 | داعش و داعشناسی | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 35 | گروپی قەیرانی چارەسەری پرۆسەی ئاشتی نێوان تورکیا و پەکەکە | ماجید خەلیل | | 2015 |
| 36 | گۆڕینی رژێم و شۆڕشەکان ئەو رووداوانەی سیستمی سەدەیەکیان سڕییەوە | سەجعان میلاد ئەلقزی | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | 2015 |
| 37 | ئاشنابوون بە بێرکلی | ئەرسەلان حەسەن | | 2015 |
| 38 | ئاشنابوون بە باشلار | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 39 | ئاشنابوون بە دیکارت | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 40 | ئاشنابوون بە هایدگەر | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 41 | ئاشنابوون بە جیل دۆلۆز 1 | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 42 | ئاشنابوون بە جیل دۆڵۆز 2 | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 43 | ئاشنابوون بە هانا ئارێنت | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 44 | ئاشنابوون بە هیگڵ | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 45 | ئاشنابوون بە سارتەر | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 46 | ئاشنابوون بە نیچە | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 47 | ئاشنابوون بە ڤۆڵتێر | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 48 | ئاشنابوون بە سلاڤۆی ژیژەك | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 49 | ئاشنابوون بە مارکس 1 | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 50 | ئاشنابوون بە مارکس 2 | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 51 | ئاشنابوون بە مارکس 3 | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 52 | ئاشنابوون بە مارکس 4 | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 53 | ئاشنابوون بە مارکس 5 | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 54 | ئاشنابوون بە مارکس 6 | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 55 | ئاشنابوون بە مارکس 7 | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 56 | ئاشنابوون بە مارکس 8 | جەلال حەمید | | 2015 |
| 57 | بۆچی مارکس لە سەرحەق بوو؟ | تێری ئیگڵتۆن | پێشڕەو محەمەد | 2015 |
| 58 | خەوتن لەگەڵ شەیتان | رۆبێرت بایەر | ئەرسەلان حەسەن | 2015 |
| 59 | ئاشنابوون بە فیورباخ | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 60 | ئاشنابوون بە تۆماس مۆر | وریا غەفووری | | 2015 |
| 61 | ئاشنابوون بە شۆپنهاوەر | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 62 | ئاشنابوون بە گرامشی 1 | ئەرسەلان حەسەن | | 2015 |
| 63 | ئاشنابوون بە گرامشی 2 | ئومێد عوسمان | | 2015 |
| 64 | ئاشنابوون بە ئەرستۆ | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 65 | ئاشنابوون بە دیموکراسی | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 66 | ئاشنابوون بە ئەلبێر کامۆ 1 | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 67 | ئاشنابوون بە ئەلبێر کامۆ 2 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 68 | ئاشنابوون بە ئەلبێر کامۆ 3 | مستەفا زاهیدی | | 2015 |
| 69 | ئاشنابوون بە ئەرکون | د.نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد | | 2015 |
| 70 | ئاشنابوون بە فۆکۆ | جەبار ئەحمەد | | 2015 |
| 71 | ئاشنابوون بە ئەکیونی | ماجید خەلیل | | 2015 |
| 72 | ئاشنابوون بە ئەنگڵس | ئارۆ هەورامی | | 2015 |
| 73 | ئاشنابوون بە جۆن ستیوارت میل 1 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 74 | ئاشنابوون بە جۆن ستیوارت میل 2 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 75 | ئاشنابوون بە جۆن ستیوارت میل 3 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 76 | ئاشنابوون بە جاك لاکان | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 77 | ئاشنابوون بە لایبنتز | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 78 | ئاشنابوون بە میکاڤیلی | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 79 | مارکس کێ بوو؟ | د. عبدلعلی مقبل | مەجید مارابی جەواد حەیدەری | 2015 |
| 80 | حَركة الحَداثة في الشِعر الكُردي | د. سَرْوَر عَبدُالله | | 2015 |
| 81 | فیتنە | هشام جعیط | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | 2016 |
| 82 | داعش و میلیشییاکان | ئەنوەر حسێن | | 2016 |
| 83 | پۆڵ ریکۆر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2016 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 84 | ئاڵتۆسێر | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 85 | سپینۆزا | سەرهەنگ عەبدولرەحمان | 2016 |
| 86 | پۆپەر | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 87 | دۆرکهایم | ئارام مەحمود - دانا لەتیف جەلال | 2016 |
| 88 | دریدا | ئارام مەحمود | 2016 |
| 89 | لیوتار | ماجد خەلیل | 2016 |
| 90 | لینین1 | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 91 | لینین2 | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 92 | ترۆتسکی | پێشڕەو محەمەد | 2016 |
| 93 | بێرتراند راسڵ | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 94 | پۆپۆلیزم1 | ب- لیڤا | 2016 |
| 95 | پۆپۆلیزم2 | ب- لیڤا | 2016 |
| 96 | ئەفلاتوون | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 97 | رۆزا لۆکسۆمبۆرگ | ئاکام بەسیم | 2016 |
| 98 | رۆزا لۆکسۆمبۆرگ | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 99 | کریشنا مۆرتی | شاسوار کەمال | 2016 |
| 100 | تۆتالیتاریزم1 | ئەرسەلان حەسەن | 2016 |
| | تۆتالیتاریزم2 | ئەرسەلان حەسەن | 2016 |
| 102 | مانیفێستی حزبی کۆمۆنیست | موصڵح شێخ ئیسلامی | 2016 |
| 103 | سێگۆشەی گڕگرتوو | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | 2016 |
| 104 | دەروازەیەك بۆ ناسینی جەنگ | هەڵگورد جەلال | 2016 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 105 | گەشتی دوورودرێژی ئەتۆمی ئێران تێوون و مەترسییەکان | سۆران عەلی | 2016 |
| 106 | دەرهاویشتە ئەمنییەکانی چەتەکانی دەریا لە باشوری خۆرهەڵاتی ئاسیا | هەڵگورد جەلال | 2016 |